

# پاڵتۆ

## نیکۆلای گۆگۆل

ئاران موهەندیس

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

به pdf کردنی ⬇️
Ktebkhana.pdf

غەزەلنووس

# پاڵتۆ

نیکۆلای گۆگۆل

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب: **(٢٠٨)**

# پاڵتۆ

## نیکۆلای گۆگۆل

**ئاران موهەندیس**
**لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی**


- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: غەزەلنووس
- ڕێنووس و هەڵەچنی: غەزەلنووس
- بابەت: ڕۆمان
- چاپ: یەکەم
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە


**مافی لەبەرگرتنەوەی بە هەموو شێوەیەک پارێزراوە بۆ ناوەندی غەزەلنووس©**

**سلێمانی- مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک- نهۆمی زەمینی بازاڕی کتێب**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧**
www.xazalnus.com

# پاڵتۆ

نیکۆلای گۆگۆل

ئاران موهەندیس
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم

٢٠١٧

## وتەیەک

بە گشتی و بە ڕای خودی ڕووسەکان، پاڵتۆ یەکێکە لە شاکارەکانی نەتەوەی ناوبراو. بۆ چەندین زمان وەرگێڕراوە و بە هەموو ئەو زمانانەش خراوەتە سەر شاشەی سینەماکان و تەختی شانۆکان. لە کوردستانیش تیپی شانۆی پێشڕەو بە هاوکاریی وەرگێڕانەکەی مامۆستای بەڕێز جەمال نەبەز، بە شێوازێکی جوان و ڕۆڵبینینێکی کارامەی ئەکتەرەکان ئەم چیرۆکەیان لە فیلمێکدا بەرجەستە کرد.

سیمبولیزمێکی یەکجار بێوێنە و قووڵ لەم چیرۆکە سادەیەدا بەرجەستە بووە. گۆگۆل کە خۆی لە بەڕێوەبەرایەتییەکدا بۆ ماوەیەک کارێکی فەرمیی پێ سپێرراوە، ڕقێکی یەکجار قووڵی بەرامبەر ئەو جیهانە ماتریالیستە لە لا دروست بووە کە حکومەتەکەی بەسەر خەڵکەکەیدا سەپاندوویەتی، باوەڕی وابوو

حکومەتەکـــان کە هـــاتوون و چـــوون، ســـەرتاپا شکســـتخواردوو بـــوون. ئەوە زانـــراوە کە گۆگـــۆل لایەنگریی هەندێک سیاسەتی ئەو سەردەمەی کردووە و لە هەمان کاتدا بە توندی دژایەتیی هەندێک سیاسەتی تـری کـردووە، بەم پێـیە، دەبێـت هەمیشـە ترسـێکی هەبووبێـــت کە بتوانێـــت بە زمـــانێکی ڕاســـتەوخۆ نووسینەکانی چاپ بکات، بەڵام ئەمە ڕێی لێ نەگرتووە لە ڕێـــی ســـیمبولیزمەوە ئەو ڕاســـتییە ناشـــیرینەی بیرۆکراسیی پیتەرسبۆرگ و هەموو وڵاتی ڕووسیا بەو شێوازە دراماتیک و کەمێک تەنزاوییە دەرببڕێت.

هاوکات چەند ڕەگـەزێکی کۆمـۆنیزم بەدی دەکرێت کە ئەو کـات وەک بیرۆکەیەکـی نـوێ هـاتبووە کـایەوە و ئاشـکرا نییە گۆگـۆل هەتـا چەنـد بەم فەلسـەفەیە ئاشنا بـووە کە دواتـر ڕێـڕەوی سیاسـی و کولتـووری و کـۆمەڵایەتیی جیهـانی گـۆڕی. گۆگـۆل کە دژایەتیـی سیسـتەمی مۆنـارکیی دەکـرد و لە هەمـان کاتـدا تـا ڕادەیەک لایەنگریـی کڵێسـای ئۆرثۆدۆکسـی دەکـرد، هێندەی تر مەزەندەکردنی بۆچوونی ئەوی بۆ کۆمۆنیزم تەمـاوی کـردووە. هەرچۆنێـک بێـت، ئـەم چیرۆکـەی گۆگـۆل نمـوونەی "ڕیـالیزمی مرۆیی"ـە و هەسـت بە تۆنێکی مرۆڤدۆستانە دەکرێت.

ئەکـاکی پرۆتاگۆنیسـتی ئەم چیـرۆکە سـیمبولی خەڵکـی ڕووسـیای ئەو ســەردەمەیە و پـاڵتۆ شـڕەکەی کە لە بەریدایە، وەک پێشبینیکردنی کۆتاییهاتنی حکومەتەکەی

ئەو کاتە دێتە پێش چاوی کە ڕەنگی پێوە نەماوە و هاتنە کایەی حکومەتێکی نوێیە کە هیچ شتێکی باشتری لێ پێشبینی ناکرێت ئەگەر خراپەی لێ پێشبینی نەکرێت. ئەو حکومەتەکەی کە پێشتر وەک پاڵتۆکەی ئەکاکی بە جۆرێک ئیشەکەی خۆی دەکرد، ئێستا دەبێت بە هەنگاوێکی ئەستەم هەوڵی گۆڕینی بدرێت، ئەکاکییش گۆڕینی پاڵتۆکەی زۆر بۆ ئەستەم دەبێت. دەریایەک لە قووڵیی مانا و لە سادەیی چیرۆک.

بۆ دەستکەوتنی کتێبی زیاتر
فۆلۆمان بکەن لە ئینستاگرام

@ktebkhana.pdf

له دیپارتمانی ... باشتره ناوی دیپارتمانەکە نەهێنین. هیچ شتێک ئەوەندەی ئەم دیپارتمان و کەتیبە و ئۆفیسانە داخ ناخەنە دڵەوە – بە کورتی، مەبەست لە شوێنە فەرمییەکانە. لەم ڕۆژەدا کەسەکان پێیان وایە ئەگەر ئابڕووی خۆیان بچێت، ئابڕووی هەموو کۆمەڵگا دەچێت. نازانم چ شارێکە، بەڵام دەڵێن لەم ماوەیەدا لە کاربەدەستێکی پۆلیسەوە سکالایەک هاتووە کە فەرمانەکانی حکومەت بەجێ نەهێنراون و ناوی خۆشی بە باش باس نەکراوە. وەک بەڵگەیەک لەگەڵ سکالاکەدا، کتێبێکی گەورەی لەگەڵدا بوو کە لە هەر دە لاپەڕەیەکدا کاربەدەستێکی پۆلیس دەردەکەوت، تەنانەت لە هەندێک شوێنیشدا بە سەرخۆشی بەرجەستە کرابوو. لەبەر ئەوە، بۆ ئەوەی بێزاریی لێ نەبێتەوە، باشترە بەو دیپارتمانەی باسی دەکەین، بڵێین *دیپارتمانێک*. کەواتە،

*لە دیپارتمانێکدا فەرمانبەرێک هەبوو*؛ فەرمانبەرێکی زۆر دیار نەبوو – کورت و ڕوخساری کەمێک زبر و کون بوو، قژی کەمێک سوور، چاویشی کەمێک لاواز بوو، لە پێشەوە قژی کەمێک ڕووتابووەوە، هەردوو ڕوومەتی چرچ بووبوون و شێوەشی لە بابەتی ... بوو. خەتای ئەو نەبوو! کەشوهەوای پیتەرسبۆرگ خەتابار بوو. پلەی کارەکەشی (سەرەتا دەبێت پلەی مرۆڤ باس بکرێت) ئەوە بوو کە پێیان دەوت ئەندامی کۆمیتەی هەمیشەیی و لەوێ بوو چەندین نووسەر گاڵتەیان پێ دەکرد، ئەوانەی کە خۆیان دەردەخست و خۆیان بە شایانی پیاهەڵدان دەزانی دژ بەوانەی کە نەیاندەتوانی وەڵام بدەنەوە. نازناوی فەرمانبەرەکە باشماکنە. بە ناوەکەدا ئاشکرا دیارە کە لە باشماکەوە هاتووە، یاخود "پێلاو"؛ بەڵام کەی لە کوێ و بە چ شێوازێک لە باشماکەوە هاتووە – کەس نازانێت. باوکی و باپیری و تەنانەت زاواکەشی و هەموو باشماکنەکان بە پووتەوە دەسووڕانەوە و لە ساڵێکدا سێ جار بنەکەیان دەگۆڕی. ناوی ئەکاکی ئەکاکیڤیچ بوو. لەوانەیە ئەم ناوە کەمێک نامۆ و سەیر بێتە گوێی خوێنەر، بەڵام دەتوانێت دڵنیا بێت کە هیچ سەیر نەبوو، بەڵکو ڕووداو و هەڵکەوتی

وەها ڕوویان دا کە مەحاڵ بوو ناوێکی تری پێ بدرێت و بەم شێوەیە هاتە کایەوە.

ئەکاکی ئەکاکایڤیچ، ئەگەر لە بیرم بێت، لە شەوی بیستوسێی مانگی ئازاردا چاوی بە دنیا هەڵهێنا. دایکی کۆچکردووی کە بێوەژنی فەرمانبەرێک بوو و ئافرەتێکی زۆر باش بوو، بڕیاری دا منداڵەکە لە ئاو هەڵبکێشرێت. دایکی هێشتا لە سەر سیسەمەکەی بەرامبەر دەرگاکە پاڵ کەوتبوو، لای دەستەڕاستیشیەوە باوکسالارەکە وەستابوو، پیاوێکی یەکجار باش بە ناوی ئیڤان ئیڤانۆڤیچ ئیرۆشکن کە لە سێناتی وڵاتدا سەرۆکی فەرمانبەران بوو، دایکسالارەکەش کە هاوسەری پۆلیسێک و ئافرەتێکی یەکجار نەفسبەرز بوو، ناوی ئارینا سیمیۆنۆڤا بیلۆبریوشکۆڤا بوو. دایکی منداڵەکە سێ ناوی بۆ پێشنیاز کرا و بە دەست خۆی بوو هەر کامێکیان هەڵبژێرێت: مۆکی، سۆسی، یاخود منداڵەکە بە هۆی شەهیدێکەوە ناو بنێ خۆزدازات. ئافرەتەکە بیری کردەوە "نەخێر، ئەوانە چ ناوێکن؟" بۆ ئەوەی قایلی بکەن، چەند لاپەڕەیەکی تری ڕۆژژمێرەکەیان هەڵدایەوە؛ دووبارە سێ ناوی تر دەرکەوتن: تریفیلی، دولا، ڤاراخاسی. ئافرەتە پیرەکە وتی: "چ سزایەکن ئەو

ناوانه، به ڕاستی، هەرگیز لەو ناوانەم نەبیستووە. خۆزگە ڤارادات و ڤارۆخ دەبوو، نەک تریفیلی و ڤاراخاسی." لاپەڕەیەکی تریشیان هەڵدایەوە: پاڤسیکاخی و ڤاختیسی دەرکەوتن. ئافرەتە پیرەکە وتی "ئێستا ڕوونە، دیارە چارەنووسی خۆیەتی. مادام وایە، باشترە بە ناوی باوکیەوە ناو بنرێت. باوکی ناوی ئەکاکی بوو، کەواتە با کوڕەکەش ئەکاکی بێت." بەم شێوەیە، ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هاتە ئاراوە. کە منداڵەکە لە ئاو هەڵدەکێشرا، کەوتە گریان و ڕوخساری بە شێوەیەک دەردەخست کە پێشبینیی دەکرد ببێت بە ئەندامی کۆمیتە. بەم شێوەیە بوو. ئەمەمان بۆیە باس کرد، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە شتەکە پێویستی کرد و ناونانی منداڵەکە بە هەر ناوێکی تر مەحاڵ بوو.

کەی و لە چ کاتێکدا پێی نایە ناو دیپارتمانەکەوە و کێ وەری گرت، کەس بیری نایەت. بەڵام چەندین بەڕێوەبەر و کەسی باڵا هاتن و چوون، ئەم هەر لەو شوێنەدا دەبینرا، لە هەمان پۆستدا، بە هەمان تواناوە، هەمان فەرمانبەری کۆپیکردن، بە شێوازێک، کە پاش ماوەیەک وایان دەزانی کە خۆی بەم شێوەیە هاتووەتە دنیاوە، بەم پۆشاکەوە و بەم سەرە ڕووتاوەیەوە. لە

دیپارتمانەکەدا هیچ ڕێزێکی لێ نەدەگیرا. کارگوزارەکان نەک هەر لە بەری هەڵنەدەستان، بەڵکو تەماشاشیان نەدەکرد، وەک ئەوەی مێشێک بە ژووری پرسگەکەدا فڕیبێت. ئەوانەی لە سەروو خۆیەوە بوون، بە ساردی و زۆردارانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد. هەندێک لە یاریدەدەرەکانی فەرمانبەرێکی باڵا کاغەزەکانیان فڕێ دەدایە بەردەمی بەبێ ئەوەی بڵێن "کۆپییان بکە،" یاخود "ئەمە کەیسێکی بچکۆلە و سەرنجڕاکێشە،" یاخود هەر قسەیەکی جوان و خۆش بکەن کە لە ئۆفیسە ڕێکوپێکەکاندا بووە بە نەریت. وەریشی دەگرتن و بەبێ ئەوەی گرنگی بدات بەوەی کە فڕێی داوەتە بەردەمی یاخود لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا مافی ئەوەی هەیە یان نا. پاشان تەماشای کاغەزەکانی دەکرد، دەستبەجێ دادەنیشت و کۆپی دەکردن. فەرمانبەرە گەنجەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و پێیان ڕادەبوارد هەتا ئەو سنوورەی کە ئۆفیسەکە ڕێی دەدا؛ لە بەردەمی خۆیدا ئەو چیرۆکانەم بۆ دەگێڕایەوە کە بۆی هەڵبەسترابوون، بۆ نموونە، ئەوەی کە باسی ئافرەتی خاوەن زەوییەکەی دەکرد کە پیرێژنێکی حەفتا ساڵە بوو، گوایە لێی دەدا، پرسیار دەکرا کەی ئاهەنگی هاوسەرگەرییەکە دەگێڕن، ئینجا کاغەزی تۆپەڵکراویان بەسەردا هەڵدەدا و

دەیانوت بەفر دەبارێت. بەڵام ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بە یەک وشەش وەڵامی نەدەدانەوە، وەک ئەوەی کەسی لێ نەبێت؛ تەنانەت کاریگەریی لەسەر کارەکەشی نەبوو: لە کاتی ئەم هەموو بێزارکردنەدا تەنانەت یەک هەڵەشی لە کۆپیکردنـدا نەدەکـرد تەنهـا ئەو کاتـانە نەبێـت کە گاڵتەکە زۆر بێزارکەر بوو، کە خۆیان بە قۆڵیدا دەکێشا، کە دەستیان دەخستە کارەکەیەوە، ئەم دەیوت: "وازم لێ بێنە. لەبەر چی بێڕێزیم بەرامبەر دەکەن؟" لە دەنگیدا و لە وشـەکانیدا شـتێکی زۆر نـامۆ هەبـوو کە لە زاریەوە دەهـاتە دەرەوە. شـتێک کە هێنـدە بەزەیـی ڕادەکێشـا، یەکێک لە فەرمـانبەرە تازەکـان کە گـاڵتەی پێ دەکرد و دوای ئەوانەی تـر کەوتبـوو، لەناکـاو وەک ئەوەی سڕ بووبێـت، ڕاوەسـتا، لەوە بەدوا هەمـوو شـتێک لە بەرچـاوی گـۆڕا. هێزێکـی ناسروشـتی لە هاوڕێکـانی دووری خسـتەوە کە پێـی وابـوو کەسـانی باشـن و بەڕەوشتن. زۆر دوای ئەوەش و لە کـاتە خۆشەکانیشـدا فیگـەری فەرمـانبەرە بچـووک و سـەرڕووتاوەکە لـە بەردەمیدا ڕادەوەستا و وشە دڵبڕەکانی دەوتـەوە: "وازم لێ بێنە. لەبەر چی بێڕێزیم بەرامبەر دەکەن؟" – لەگەڵ ئەم وشانەشـدا زایەڵـەی وشـەی تـر دەبیسـتران: "مـن بـراتم." کـوڕە گەنـجەکەش بە دەسـتی ڕوخسـاری

دادەپۆشی، چەندین جار بە بینینی ڕەفتاری نامرۆڤانە داخی دەخوارد، مرۆڤ چەند دڕندە بوو لە ڕەفتار و ڕەوشتی شاراوەیدا، دنیاش پێی وایە پیاو نەفسبەرز و ڕێزدارە...

زۆر ئەستەمە کەسێک بدۆزیتەوە کە هێندە بە کارەکەیەوە پەیوەست بێت. بەس نییە ئەگەر تەنها بڵێیت بە پەرۆشەوە کارەکەی ئەنجام دەدا – نەخێر، کارەکەی خۆش دەویست. لەم کۆپیکردنەدا دنیایەکی جیاواز و هێمنی دۆزیبووەوە. خۆشی لە ڕوخساریدا بە دی دەکرا، هەندێک پیت هەبوون زیاتر پەسەند بوون لە لای و کە دەهاتنە بەردەستی، یەکجار خۆشیی لێ دەبینین: زەردەخەنە دەیگرت و چاوی دەترووکاند و بە دەم و لێوی دەیوتنەوە و هەموو ئەو وشانەی پێنووسەکەی دەینووسین، لەسەر زاریشی دەردەکەوتن. ئەگەر پەرۆشیی بۆ کارەکەی پاداشت بدرایەتەوە، ئەگەرچی بۆ خودی خۆی سەیر دەبوو، بەڵام پێ دەچوو ببوایە بە ڕاوێژکار؛ کەچی پاداشتەکەی، وەک هاوڕێکانی باسیان دەکرد، پەڕێک بوو لە کڵاوەکەیدا و مایەسیری بوو لەو شوێنەی لە سەری دادەنیشت. بەڵام ناتوانیت بڵێیت پێی نەزانرابوو. بەڕێوەبەرێک کە پیاوێکی

میهرەبان بوو و دەیویست بەرامبەر بە خزمەتە زۆرەکەی پاداشتی بداتەوە، فەرمانی کرد کە کارێکی گرنگی پێ بدرێت وەک لە کۆپیکردن - بۆ نموونە، پێی وترا کە دۆکیومێنتێک بکات بە نامەیەک و بینێرێت بۆ دامەزراوەیەکی تر؛ هەموو ئەم کارەش گۆڕینی ناونیشانەکە و هەندێک لە فرمانەکان بوو لە ڕابردووەوە بۆ کەسی سێیەم. ئەم کارە هێندە قورس بوو بۆی، ئارەقی کردەوە و ناوچەوانی سڕی و دواجار وتی: "نەخێر، باشترە شتێکم بدەنێ تەنها کۆپیکردنی بوێت." دوای ئەوە بۆ هەتاهەتایە کۆپیی دەکرد. بەدەر لەم کۆپیکردنە، هیچ شتێک بۆ ئەو گرنگ نەبوو. هیچ گرنگییەکی بە پۆشاک نەدەدا: پۆشاکەکەی بەری سەوز نەبوو، بەڵکو پرتەقاڵییەکی سپیداگەڕاو بوو. ئێخەکەی باریک و نزم بوو، ئەگەرچی ملی درێژ نەبوو، بەڵام درێژ دەردەکەوت، لەو بووکەپشیلانە دەچوو کە فرۆشیارە بێگانەکانی وڵات لە سەر سەریان دەیانگێڕا. هەمیشە شتێک بە پاڵتۆکەیەوە بوو: تەڵێک پووش یان تاڵێک دەزوو؛ لە هەمان کاتدا خەسڵەتێکی تایبەتی هەبوو، کە بە شەقامێکدا دەڕۆیشت و لە کاتێکدا دەگەیشتە ژێر پەنجەرەیەک، شتێکی فڕێدراوی بەردەکەوت، لەبەر ئەوە هەمیشە توێکڵەشووتی و

کاڵەک و چەندین جۆری تر لە زبڵ بە کڵاوەکەیەوە بوون؛ تەنانەت بۆ یەک جاریش بێت لە ژیانیدا گرنگیی نەدەدا بەوەی لە سەر شەقامەکە چی دەگوزەرا. بەڵام فەرمانبەرە گەنجەکان هەمیشە دەیانڕوانی، ڕوانینێکی هێندە تیژ کە ئەگەر کەسێک لەوبەری شەقامەکەوە قایشی پانتۆڵەکەی شل بوایە، دەیانبینی – بەمەش هەمیشە پێکەنینێکی فێڵبازانە دەیگرتن.

بەڵام ئەکاکی ئەکاکایڤیچ ئەگەر تەماشای شتێکیشی بکردایە، هەر خەتە جوانەکەی خۆی تیا دەبینی کە بە خەتێکی هاوسەنگ دەینووسی، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا لەواشەی ئەسپێک هێندە لە شانی نزیک دەبووەوە، ڕەشەبایەکی ڕاستەقینەی لە کونەلووتییەوە دەدا بە ڕوومەتی ئەکاکی ئەکاکایڤیچدا – تەنها ئەو کاتە هەستی دەکرد کە خەریکی نووسین نییە، بەڵکو لە ناوەڕاستی شەقامەکەدایە. کە دەگەڕایەوە ماڵەوە، دەستبەجێ لە سەر مێزەکە دادەنیشت و بە پەلە شۆربای کەلەرمەکەی هەڵدەقوڕاند و پارچەیەک گۆشتی گوێرەکەی بە پیازەوە دەخوارد، هەرگیز تامی نەدەکرد و هەمیشە بە مێشومەگەزەوە و بە هەموو شتێکەوە دەیخوارد کە خودا بۆی دەنارد. هەر کە

هەستی دەکرد گەدەی پڕ بووە، هەڵدەستا و بوتڵێک مەرەکەبی دەردەهێنا و ئەو دۆکیومێنتانەی کۆپی دەکرد کە دەیهێنانەوە بۆ ماڵەوە. ئەگەر بەچانس پێی نەبوایە، بۆ خۆشیی خۆی شتی کۆپی دەکرد، بە تایبەتی دۆکیومێنتێک نەک بۆ جوانییەکەی، بەڵکو بۆ کەسێکی تازە و گرنگ نووسرابێت.

تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ئاسمانە ڕەساسییەکەی پیتەرسبۆرگ تەواو تاریک دادێت و هەموو فەرمانبەران نانی ئێوارەیان خواردووە، هەر کەسە و بەپێی سالانە و توانای خۆی و حەز و ئارەزووی خۆی -کاتێک کە هەموو لە خشەی نووسین بوونەتەوە و بەدوای پێویستییەکانی خۆیان و کەسانی تردا ڕادەکەن و لەو هەموو ئەرکەی کە مرۆڤ بە ویستی خۆی دەیخاتە سەر شانی کە زیاد لە پێویستن- کە فەرمانبەران پەلە دەکەن بۆ بەسەربردنی ئەو کاتەی کە هەیانە: ئەوانەی کە بەرزخوازترن و دەڕۆن بۆ سینەما، یەکێکی تر دەچێت بۆ تەماشاکردنی کڵاوی پڕوپووچ؛ یەکێکی تر دەچێت بۆ ئاهەنگ بۆ ئەوەی ستایشی کچێکی جوان بکات کە لە ناو ئەڵقەی فەرمانبەراندا ناودارە، یەکێکی تر، کە زۆربەی جار ئەمە ڕووی دەدا، سەردانی

کەسێکی خۆی دەکرد لە نهۆمی چوارەم یان سێیەم، دوو ژووری بچـــووک و هۆڵێـــک لە پێشـــەوە و چێشتخانەیەک کە بە لامپێک و شتێکی تر کە پارەیەکی زۆری پێ درابوو کەمێک ڕازابووەوە، کە نانی ئێوارە و چوونەدەرەوەیان لە بیر خۆیان دەبردەوە - بە کورتی، تەنـانەت لەو کاتانەشـدا کە فەرمـانبەران دەڕۆن بـۆ ئەپارتمـانی هاوڕێکانیـان بـۆ ئەوەی یـاری بـکەن، چـا بخۆنەوە بە بسکیتەوە، لە پایپە درێژەکـانی دەمیـانەوە دووکەڵ بـە بـا بکـەن، کە کـارتی یارییەکـان دابەش دەکرانەوە و قسەوباسێکی بۆرژوازییانـە دەگێڕرایەوە، نەریتێـک کە پیـاوانی ڕووسـیا هەرگیـز وازیـان لـێ نەدەهێنـا، تەنـانەت لەو کاتانەشـدا کە هـیچ نەبـوو بـاس بکرێـت، نـوکتە بەناوبانگەکەیـان دەگێڕایەوە دەربـارەی فەرمـــانڕەواکەی کە پێیـــان وتبـــوو کلکـــی ئەسـپە پەیکەرەکەی فالکۆنێت لـێ کراوەتەوە -بە کورتی، ئەو کـاتەی لە هەمـــوو لایەکەوە خۆشـــی و ڕابـــواردن لە ئارادایە- ئەکاکی ئەکاکایڤیچ خۆی بە دەستەوە نەدەدا. هەرگیـز لە ئاهەنگێـک نەبینرابـوو. کە لە نووسین تەواو دەبوو، دەڕۆیشت بخەوێت و بە بیرکردنەوە لە سبەینێ زەردەخەنە دەیگـرت: سـبەینێ خـودا چیـی بـۆ دەنـارد کۆپی بکات؟ ژیانە ئاسوودەکەی ئەم پیاوە بەم شێوەیە

بوو، پیاوێک کە بە ساڵانەیەکی چوارسەدییەوە دەیتوانی خۆی قایل بکات، پێ دەچوو تەمەنێکی زۆری پێ ببەخشێت ئەگەر بۆ نەهامەتییەکانی ڕێی ژیان نەبوایە، نەک تەنها بۆ ئەندام، بەڵکو بۆ هەموو پلەکانی تر و ڕاوێژکارانی دەوڵەتیش، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە نە ڕاوێژ وەردەگرن و نە ڕاوێژ دەکەن.

لە پیتەرسبۆرگ دوژمنێکی بەهێز هەیە دژ بە هەموو ئەوانەی ساڵانەکەیان چوارسەد ڕوبڵە. دوژمنەکە ساردییەکەی باکوورە، ئەگەرچی خەڵک دەڵێن زۆر باشە بۆ تەندروستی. نزیک لە نۆی سەرلەبەیانی و بە تایبەتی ئەو کاتەی کە شەقامەکان پڕ دەبن لەو خەڵکانەی کە دەڕۆن بۆ ئۆفیسەکانیان، بەبێ جیاوازی دەست دەکات بە هێرش بۆ سەر لووتی فەرمانبەرە داماوەکان کە خۆشیان نازانن چۆن دای بپۆشن. لەم کاتەدا، تەنانەت ئەوانەی کە پۆستی باڵاشیان هەیە، بە هۆی سەرماکەوە ئازارێک لە سەریان دەدا و ئاو بە لووتیاندا دێتە خوارەوە، ڕاوێژکارە پلە نزمە داماوەکانیش هەندێک جار بەبێ بەرگری دەمێننەوە. تەنها ئەوەیان بۆ پێ دەکرێت بە پاڵتۆکەی بەریانەوە بە پێنج شەش شەقامدا بە خێرایی ڕابکەن هەتا دەگەنە

جێــــی مەبەســــت و لەوێ هەرچــــی شــــوێنیانە کە بەستوویەتی، بتوێتەوە. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بۆ ماوەیەک هەستی دەکرد ئازارەکە لە پشتی و لە شانیدا دروست بــووە، ئەگەرچــی هەوڵــی دەدا هەمیشــە بە هەنگــاوی گەورە و خێــرا بــۆ شــوێنی کــارەکەی بڕوات. دواجــار بیری کردەوە کە کێشــەکە پاڵتۆکەیەتی. کە لە ماڵەوە بە وردی لێی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت کە لە دوو بۆ سێ شوێندا -بە تایبەتی لە پشت و لە سەر شانەکان- وەکو گوێنیی لێ هــاتبوو، قوماشــەکەی هێنــدە کۆن بووبوو، شــی بووبــووە و هەڵوەشــابوو. دەبێــت ئەوەش بــاس بکرێت کە پاڵتۆکەی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بە هەمان شێوە تەنێــک بــوو بــۆ گــاڵتەپێکردنی فەرمانبەرەکــان؛ تەنــانەت پێیان نەدەوت پاڵتۆ کە شایەنی ڕێز بوو، بەڵکو پێیــان دەوت ماکســی. لە ڕاســتیدا شــکڵێکی ســەیری هەبــوو: ئێخەکەی ســاڵ بە ســاڵ بچووک دەبووەوە، چونکە بۆ پینەی شــوێنەکانی تــر بەکــار دەهــات. پینەکردنەکــانیش دیــار بــوو هیــی دەســتی بەرگــدروو نەبــوون و ئێشــێکی ناشــیرین کرابــوو. کە ئەکــاکی ئەکاکــایڤیچ لە دۆخەکەی کۆڵییەوە، بڕیاری دا بیبات بۆ پێترۆڤیچی بەرگدروو کە لە نهۆمی چــوارەمی شــوێنێکدا بــوو، لە پشــتەوە بــۆی دەچوویت و ئەگەرچی چاوێکی کوێر و ڕوخســاری بە

شـــوێنەواری ئـــاوڵە داپۆشـــرابوو، زۆر ســـەرکەوتوانە هەموو پانتۆڵ و قاپووتەکانی فەرمانبەرانی پینە دەکرد – بێگومـــان ئەگەر ســـەرخۆش نەبـــوایە. لـــەبارەی ئەم بەرگدرووەوە پێویست ناکات زۆر بوترێت، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسـایەک هەیە کە دەبێت لە هەمـوو چیرۆکێکدا باسی هەموو کارەکتەرێک بکرێت، چارمـان نییە، کەواتە بـا باســی پێتــرۆڤیچیش بکەیــن. ســەرەتا پێیـان دەوت گریگۆری و بەندەی دەرەبەگێک بوو. کاتێک پێیان وت پێتـرۆڤیچ کە ئـازاد کـرا و لە ئاهەنگەکانـدا بەدمەسـتیی دەکـــرد – ســـەرەتا لە ئاهەنگەکانـــدا و دواتـــر بەبـــێ جیاوازی لە بۆنە ئایینییەکانیشدا، بە کورتی، هەر کاتێک زەرپێک لە سەر ڕۆژمێرەکە بوایە. لەمەدا لە باووباپیری دەچـــــوو، کە هاوسەرەکەشـــــی لەســـــەر ئەم بەزمە دەیبۆڵانـد، پێی دەوت بێدین و ئەڵمـان. ئێسـتا کە باسـی هاوســـەرەکەیمان کـردووە، باشـترە چەنـد وشـەیەکیش لەسەر ئەو بڵێین؛ بەڵام بە داخەوە زانیارییەکی زۆرمـان لەســـەر ئەو نیـــیە، هەر ئەوەنـــدە نەبێـــت کە پێتـــرۆڤیچ هاوسەرێکی هەبوو و کڵاوقووچی لە سـەر دەکرد وەک لە لەچـــک؛ بەڵام لەوە دەچێـــت زۆر بە جـــوانییەکەیەوە نەینازیبێت؛ چونکە تەنهـا پاسـەوانەکان تەماشـای ژێر

کڵاوقووچەکـــەیان دەکـــرد، کە دەیـــانبینی، ســـمێڵیان دەجووڵاند و دەنگێکیان لێوە دەهات.

ســەرکەوتن بە قـــادرمەکەی کە دەگـــات بە پێتـــرۆڤیچ هەمـووی تەڕ و پڕ لە زبـڵ بـوو، بـۆنێکی لـێ دەهـات چاوی دەکزاندیتەوە و ئەم بۆنە لە هەموو قادرمەکانی پشـــتەوەی پیتەرســـبۆرگدا هەبـــوو - (کە ئەکـــاکی ئەکاکایڤیچ بەو قادرمەیەدا سەردەکەوت کە دەگەیشتە ماڵی پێترۆڤیچ - ئەگەر بە وردی وەسفی ئەو قادرمەیە بکـەین، هەمیشـە تـەڕ بوو و پڕ بوو لـە زبڵ، بۆنێکی بـەهێزی خواردنـەوەی کحـولیی لـێ دەهـات کـە چـاوی دەکزانـدەوە، ئەمـەش ڕواڵـەتێکی هەمیشـەیی قاردمـەی پشـتەوەی ماڵـەکانی پیتەرسـبۆرگ بـوو-) کە ئەکـاکی ئەکاکـــایڤیچ بەم قـــادرمەیەدا ســـەردەکەوت، بیـــری دەکـردەوە پێتـرۆڤیچ دەبێـت چەنـد داوا بکـات، خـۆی بڕیاری دا دوو ڕۆبڵ زیاتر نەدات. دەرگاکە کرابووەوە، چـونکە خـانمی مـاڵەکە ماسـیی دەبرژانـد و هێنـدە دووکەڵـی دروسـت کردبـوو، تەنـانەت قالۆنچەکـانیش نەدەبینـران. ئەکـاکی ئەکاکـایڤیچ بە چێشـتخانەکەدا پەڕیـیەوە و ئـافرەتەکە ئاگاشـی لـێ نەبـوو، دواجـار گەیشـتە ژوورەکەی کە پێتـرۆڤیچ لای مێزێکـی پـان و

دارینی بۆیاخنەکراو دانیشتبوو، وەکو پاشایەکی تورک چوارمشـــقی دانیشـــتبوو. وەک نەریتـــی هەمـــوو بەرگدروویـــەک لە کـــاتی کارکردنـــدا قاچەکـــانی ڕووت بـوون. کە دەتبینـی، دەسـتبەجێ نیگـات دەچـووە سـەر پەنـجەگەورەکەی قـاچی، چـونکە نینـۆکەکەی کەمێـک شێواو و ئەستوور بوو و وەک پشتی کیسەڵ وابوو. بە ملی پێترۆڤیچدا لەفێک ئاوریشم و دەزوو هەڵواسرابوو، لە سـەر ئەژنۆشـی بەرەیەکـی دانـابوو. سـێ خـولەک دەبوو دەیویست دەزوویەک بکات بە کونی دەرزییەکدا، بەڵام نەیـدەپێکا و زۆر لە تـاریکییەکە و دەزووەکەش تـوورە بـوو، بە هەناسـەبڕکێوە دەیبۆڕانـد: "نارەسـەن، خەریکە بەسەرمدا زاڵ دەبێت." ئەکاکی ئەکاکایڤیچ پێی نـاخۆش بـوو کە ڕێـک لەو ساتەدا هـاتبوو کە پێتـرۆڤیچ توورە بوو: حەزی دەکرد کاتێک مامەڵە لەگەڵ پێترۆڤیچ بکـات کە جەوی هەبێـت، یـاخود وەک هاوسـەرەکەی دەڵێت: "ئەو شەیتانە یەک چاوە زۆری خواردووەتەوە." لەو جەوانەدا پێترۆڤیچ زۆربەی جار و زۆر بە ئاسـانی قایـل دەبـوو، تەنـانەت سـەری ڕێزیشـی دادەنەوانـد و هەمـوو جارێـک سوپاسـی دەکـرد. دواتـر هاوسـەرەکەی دەهـات گلەیـی دەکـرد کە مێـردەکەی کەمـی پێ دراوە؛ بەڵام دە کۆپیکی بۆ زیاد دەکرا و ڕێکەوتنەکە مسۆگەر

بوو. بەڵام ئێستا پێترۆڤیچ سەرخۆش دیار نەبوو، لەبەر ئەوە کەللەڕەقیی دەنواند و بێگومان کەس نازانێت چەند زۆری داوا دەکرد. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ ئەو ڕاستییەی دەزانی و وەک چۆن دەڵێیت دەیویست پاشەکشە بکات، بەڵام تازە شتەکە کرابوو. پێترۆڤیچ بە پەرۆشەوە و بە تەنها چاوەکەیەوە بە خێلی تەماشای کرد، ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بەبێ ویستی خۆی وتی: "ڕۆژ باش پێترۆڤیچ!"

پێترۆڤیچ سەرنجی خستە سەر دەستی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بۆ ئەوەی بزانێت چیی بۆ هێناوە، پاشان وتی: "ڕۆژباش بەڕێز."

"پێترۆڤیچ هاتووم بۆ لای تۆ، چۆن دەڵێیت..."

دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هەمیشە بە ئامراز و ئاوەڵکردار و چەندین شێوازی ڕێزمانیی تر قسەی دەکرد کە بێگومان هیچ مانایەکیان نەبوو. ئەگەر باسەکە ئەستەم بوایە، نەریتێکی هەبوو ڕستەکەی تەواو نەدەکرد، زۆربەی جار قسەکانی بەم وشانە دەست پێ دەکرد: "ئەوە، لە ڕاستیدا، هەمووی چۆن دەڵێیت..." و دواتریش هیچی تری نەدەوت و هەر

خۆیشی بیری دەچووەوە، چونکە پێی وابوو هەموو شتێکی وتووە.

پێترۆڤیچ بە وردی بە تاقە چاوەکەی پاڵتۆکەی لە ئێخەکەیەوە بۆ قۆڵەکانی و پشتی و خوارەوەی و هەموو کونەکانی کۆڵییەوە و وتی: "ئەمە چییە؟" – لە هەموو ئەمانەشدا شارەزا بوو، چونکە ئیشی خۆی بوو. ئەمە نەریتی بەرگدرووەکان بوو: یەکەم شت بوو کە کەسێکیان دەبینی، دەیانوت.

"پێترۆڤیچ منیش هاتووم، چۆن دەڵێیت... ئەم پاڵتۆیە، قوماشەکەی... دەیبینیت، لە هەموو شوێنەکانی تر باش ماوەتەوە، کەمێک تۆزاوی بوو لەبەر ئەوە وا دەزانیت کۆنە، بەڵام تازەیە، تەنها لە یەک شوێن چۆن دەڵێیت... لە پشتەوە و لێرە لە سەر شانەکەی ڕۆیشتووە و لە سەر ئەم شانەی کەمێک – دەبینیت، هەر ئەوەندە. ئیشێکی زۆر نییە..."

پێترۆڤیچ ماکسییەکەی برد، سەرەتا لە سەر مێزەکە بڵاوی کردەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لێی کۆڵییەوە، سەری لەقاند و دەستی برد بۆ سەر تەختی پەنجەرەکە و سندووقێکی برنووتیی خڕی هەڵگرت کە وێنەی فەرماندەیەکی لە سەر هەڵکۆڵرابوو – چونکە شوێنی

ڕوخساری بە پەنجەیەک کون کرابوو و پاشان بە کاغەزێکی لاکێشە داپۆشرابوو و نەدەزانرا کێ بوو. کە برنووتییەکەی دەرهێنا، ماکسییەکەی خستە سەر دەستی و لە بەر ڕووناکییەکەدا لێی کۆڵییەوە و دووبارە سەری لەقاندەوە. پاشان لە ناوەوە هەڵی گێڕایەوە و جارێکی تریش سەری لەقاندەوە، جارێکی تریش سەرقاپی سندووقی فەرماندە سەرپینەکراوەکەی کردەوە و لووتی پڕ کرد لە برنووتی، بۆکسەکەی داخستەوە و لای برد، دواجار وتی:

"نەخێر، مەحاڵە چاک بکرێتەوە – خراپ شڕ بووە."

لەم قسانەدا بوو دڵی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ خورپەیەکی کرد.

وەک دەنگی منداڵێک لە کاتی پاڕانەوەدا وتی "بۆ مەحاڵە پێترۆڤیچ؟ تەنها لە سەر شانەکانی ڕۆیشتووە – بێگومان سەرەپارچەت هەیە..."

پێترۆڤیچ وتی "پێ دەچێت سەرەپارچە بدۆزرێتەوە، بەڵام مەحاڵە پێوەی بدروورێتەوە – ڕزیوە، دەرزی بەربکەوێت هەڵدەوەرێت."

"هەڵدەوەرێت و تۆش پینەی بکە."

"بەڵام هیچی پێوە نییە پینەی لە سەر بکەیت، زۆر ڕۆیشتووە. دەڵێن خوری چڕە، بەڵام بە ڕەشەبایەک هەڵدەوەرێت."

"تۆ دەتوانیت وای لێ بکەیت خۆی بگرێت. وا نەبێت، لە ڕاستیدا، چۆن دەڵێیت...!"

پێترۆڤیچ یەکلاکەرەوانە وتی: "نەخێر، مەحاڵە هیچی لەگەڵ بکرێت. شتەکە خۆی باش نییە. باشترە قاچەکانتی پێ بپێچیتەوە بۆ سەرماکەی زستان، چونکە گۆرەوی گەرمت ناکاتەوە. ئەڵمانییەکان دروستیان کردووە و تەنها بۆ ئەوەی پارەکە ببەن بۆ خۆیان." (پێترۆڤیچ هەندێک جار حەزی دەکرد زەمی ئەڵمانییەکان بکات.) "لەوە دەچێت پێویست بکات پاڵتۆیەکی تازە بۆ بە کرد بدەیت."

هەر کە ناوی "تازە" هێنرا، چاوەکانی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ تاریک بوون و هەموو شتەکانی ناو ژوورەکە لە بەرچاوی دەجووڵانەوە. تەنها شت کە بە ڕوونی دەیبینی، فەرماندەکە بوو کە بە پارچە کاغەزێک سەری داپۆشرابوو.

وەک ئەوەی تــازە لە خەو خەبەری بــووبێتەوە، وتــی: "چۆن – تازە؟ پارەم پێ نییە بۆ تازە."

پێترۆڤیچ بە هێمنییەکی دڕندانە وتی: "بەڵێ، تازە."

"ئەگەر دەبێت تازە بێت، چەندی، چۆن دەڵێیت..."

"مەبەستت لەوەیە چەندی تێ دەچێت؟"

"بەڵێ."

پێترۆڤیچ بە جددی لیوەکانی جووڵاند و وتـی "زیـاتر لە ســەدوپەنجا ڕۆبـڵ." هەمیشــە حەزی دەکـرد قســەکانی کاریگەرییـان هەبێـت، حەزی دەکـرد لەناکـاو کەسـێک سەرسـام بکـات و پاشـان لە لاوە تەماشـای دەربڕینـی ڕوخساری بکات و بزانێت وشەکان هەتا چەند کـاریگەر بوون.

ئەکاکی ئەکاکایڤیچی داماو هاواری کرد – پێ دەچێت لە هەموو تەمەنیدا یەکەم جاری بووبێت هـاواری کردبێت، چونکە هەمیشە باسی نەرمیی دەنگی دەکرا.

پێتـرۆڤیچ وتـی: "بەڵـێ بەڕێـز، کەوتـووەتە سـەر جـۆری پاڵتۆکە. ئەگەر فەرووی دەڵەک بکەین بە ئێخەکەیەوە و

کڵاوێکـی ئاوریشـمی بـۆ بکەیـن، پـێ دەچێـت بگـاتە دووسەد ڕۆبڵ."

ئەکـاکی ئەکاکـایڤیچ نە گـوێی لە وشـەکانی پێتـرۆڤیچ دەبـوو و نە دەیویسـت گـوێی لێیـان بێـت، بە دەنگێکـی پاڕانەوەوە وتی: "تکایە پێترۆڤیچ، هەرچۆنێک بێت چاکی بکەرەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ماوەیەکی تریش بەکاری بهێنم."

پێتـرۆڤیچ وتـی "ئـاە نەخێـر، بەفیڕۆدانـی کـار و کـات و پارەیە." پاش ئەم وشانە، ئەکـاکی ئەکاکایڤیچ ڕۆیشـت و تەواو داڕووخابوو.

لە کـاتی ڕۆیشـتنەکەیدا، پێتـرۆڤیچ بـۆ مـاوەیەکی زۆر بە پێوە ڕاوەستا و لێوەکانی بە پەرۆشەوە جووت کردبوو، بەبـێ ئەوەی بگەڕێـتەوە بـۆ سـەر کـارەکەی، هەسـتی دەکـرد خـۆی دانەبەزانـدووە و خیـانەتی لە هـونەری بەرگدروویی نەکردووە.

کە ئەکـــاکی ئەکاکـــایڤیچ ڕۆیشـــتە دەرەوە، وەک ئەوە وابـوو خەون ببینێـت. بە خـۆیی دەوت "کەواتە ئەوەیە، کەواتە تەواو، بە ڕاسـتی پـێم وانەبـوو ببێـت بە، چـۆن دەڵێیت..." پاش کەمێک بێدەنگی بەردەوام بـوو، "کەواتە

وایە! ئەوە ئەنجامەکەیەتی! هەرگیز پێم وانەبوو وابێت."
بەدوای ئەوەدا بێدەنگییەکی زۆر باڵی کێشا، دواتر وتی، "کەواتە وایە! چـۆن دەڵێیـت چـاوەڕوانم نەدەکـرد... هەمـووی... چ چانسـێکە!" لەجیـاتیی ئەوەی بـڕواتەوە مـاڵەوە، بەبـێ ئەوەی خـۆی هەسـتی پـێ بکـات، بەرەو ڕێیەکی تر ملی نا. لە ڕێگە خۆڵەمێشـی دووکەڵکێش بەر لاتەنیشـتی کەوت و هەمـوو شـانی ڕەش کـرد؛ سـەتڵێک قسڵ لە سـەر خانوویەکەوە بە سـەریدا ڕژا. هەسـتی بە هیچیـان نەکـرد، ئەو کـاتە هۆشـی هـاتەوە کە پۆلیسـێک تفەنگەکەی خستە پشتیەوە و سەرقاڵی بڕنووتی بوو لە بـوتڵێکەوە دەیکـردە مشـتیەوە. "ئەوە چـی دەکەیـت؟ خەریکە خـۆت دەکێشـیت بە کووپەکەمـدا، شـوێن بـڕاوە لەم شۆسـتەیەدا؟" ئەمە وای لـێ کـرد تەماشـای چواردەوری بکات و بەرەو دواوە بگەڕێتەوە بۆ مـاڵەوە. لێـرەدا بـوو کە چـاوی بە دۆخەکەدا خشـاندەوە و ڕاستییەکان هاتنە پێشچاوی، دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ خـۆیدا و ئەم جارەیان پچڕپچڕ نەبوو، بەڵکو بە هۆشـیاری و بە ڕاسـتگۆیی، وەک چـۆن کەسـێک لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکی خۆیدا باسی شتی شەخسی دەکات. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ وتـی "ئاه، ئێستا مەحـاڵە قسە لەگەڵ پێتـرۆڤیچ بکرێـت؛ بـووە بە... دیـارە هاوسـەرەکەی

تێهەڵدانێکی باشی کردووە. ئەگەر بەیانیی یەکشەممە بچم بۆ لای، چانسم باشتر دەبێت؛ دوای شەوی شەممە دەبێت و خێل و خەواڵوو دەبێت و پێویستی بە پەرداخێک مەشرووبی تر دەبێت، هاوسەرەکەشی پارەی پێ نادات و منیش چۆن دەڵێیت... دە کۆپیک دەخەمە دەستییەوە و ڕازی دەبێت، چونکە ئەو کاتە جەوی دەبێت و ئاسان دەبێت و ئینجا پاڵتۆکەش چۆن دەڵێیت..." ئیتر ئەکاکی ئەکاکایڤیچ خۆی قایل کرد، هانی خۆی دا و چاوەڕیی یەکشەممەی دەکرد. یەکشەممە کە هاوسەرەکەی پێترۆڤیچ ڕۆیشتە دەرەوە، ئەکاکی ئەکاکایڤیچ ڕاستەوخۆ چووە ژوورەوە. وەک چاوەڕوان دەکرا، پێترۆڤیچ بە هۆی شەوی شەممەوە تەواو خێل بووبوو، بە ئەستەم سەری بۆ ڕادەگیرا و هێشتا خەویش بەری نەدابوو؛ بەڵام سەرباری هەموو ئەوەش، هەر کە بە دۆخەکەی زانی، وەک ئەوەی شەیتان خۆی ئاگاداری کردبێتەوە، وتی "مەحاڵە، باشترە دانەیەکی تازە بە کرد بدەیت." ئەکاکی ئەکاکایڤیچ دە کۆپیکەکەی پێ دا. "سوپاس بەڕێز، بە خۆشیی تۆوە دەخۆمەوە، بەڵام دەربارەی پاڵتۆکەت، سەری خۆت مەیەشێنە – بە کەڵی هیچ نایەت. پاڵتۆیەکی تازەت بۆ دەدوورم، ئیشێکی جوانت بۆ دەکەم، بەڵێن بێت."

ئەکاکی ئەکاکایڤیچ دووبارە هەوڵی دا باسی پینەکردن بکاتەوە، بەڵام پیترۆڤیچ چاوەڕێی نەکرد هەتا قسەکەی تەواو بکات و وتی: "پاڵتۆیەکت بۆ دەدوورم بە دڵی خۆت، جوانترین ئیشی خۆمت بۆ دەکەم. پێ دەچێت بە مۆدەی ئەمڕۆش بۆت بکەم و ئێخەکەی قۆپچەی زیوی بۆ دابنێم."

لەم ساتەدا بوو کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ تێ گەیشت دەبێت پاڵتۆیەکی تازە بە کرد بدات و ئەمەش زۆر دڵتەنگی کرد. لە کوێ پارەی بۆ بهێنێت؟ بێگومان دەیتوانی پشت بە بەخشیشی پشووی ساڵانەکەی ببەستێت، بەڵام ئەوەش دەمێک بوو بۆ شتێکی تر دانرابوو. پێویستی بە پانتۆڵی تازە بوو، دەبوایە قەرزی پینەچییەکی بدایەتەوە کە پارچەی تازەی لە پووتە کۆنەکانی دابوو، دەشبوایە سێ کراسی لە بەرگدرووەکە بکڕیایە و چەند لیباسێکی ژێرەوەش کە عەیبە باس بکرێت یاخود بنووسرێت - بە کورتی، هەموو پارەکە خەرج دەکرا؛ تەنانەت ئەگەر بەڕێوەبەرەکەش میهرەبان بوایە و چلوپێنج بۆ پەنجا ڕۆبڵی بۆ ببڕیایەتەوە لەجیاتیی چل ڕۆبڵ، هیچ لە باسەکە نەدەگۆڕا و تەنها چەند ڕۆبڵێکی لێ دەمایەوە و

له دنیای پاڵتۆکانیشدا وەکو دڵۆپێکی ناو دەریایەک وایە. بێگومان ئەگەرچی دەیزانی پێترۆڤیچ هەندێک جار لەناکاو نرخێکی یەکجار زۆری داوا دەکرد بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی هاوار بکات و بڵێت: "ئەوە تێک چوویت؟ ڕۆژی وا هەیە بە هیچ ئیش دەکات و ئێستاش نرخێک دەڵێت لە نرخی خۆی زیاترە." دەشیزانی کە پێترۆڤیچ ئەگەر بۆ خۆی بوایە، بە هەشتا ڕۆبڵ دەیکرد - ئەگەر بەوەنەش بوایە، هەشتا ڕۆبڵەکەی لە کوێ بوو؟ ئێستا پێ دەچوو نیوەی دەست بکەوتایە؛ نیوەکەی تری پەیدا دەبـوو، بەڵام ئەم نیـوەیە لە کوێـوە بێنێـت...؟ بەڵام خوێنەر دەبێت سەرەتا بزانێت نیوەکەی یەکەم لە کوێوە دێت. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ نەریتێکی هەبوو: لە هەموو ڕۆبڵێک کە خەرجی دەکرد، نیو کۆپیکی هەڵدەگرت، دەیخستە بۆکسێکی بچووکەوە و قفڵ و کلیلی هەبوو و درزێکی تیادا بوو بۆ ئەوەی پارەی تێ بکرێت. لە کۆتایی هەموو نیوە ساڵێکدا هەموو پارە مسەکانی کۆ دەکردەوە و دەیکردن بە پارەی زیو. بەم شێوەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، بۆ چەند ساڵێک لەسەر ئەم نەریتە نزیکەی چل ڕۆبڵی کۆ کردەوە. لەبەر ئەوە نیوەی لە گیرفاندا هەبوو؛ بەڵام نیوەکەی تر لە کوێ بێنین؟ چل ڕۆبڵەکەی تر لە کوێ بێنین؟ ئەکاکی

ئەکاکایفیچ بیری کردەوە و بیری کردەوە و بڕیاری دا کە لە خەرجییەکـانی کەم بکـاتەوە، هـیچ نەبێـت بـۆ ساڵێکیش بێت؛ چیتر ئێواران چای نەدەخواردەوە، چیتر ئێـواران مـۆمی دانەدەگیرسـاند. ئەگەر کـارێکی یەکجـار پێویستی هەبوایە، دەڕۆیشت بۆ لای خـاوەن مـوڵکەکە و لە بەر مۆمەکەدا کارەکەی دەکرد. کە لەسـەر شـەقامەکە دەڕۆیشـت، هێواشـترین و بەئاگـاترین هەنگـاوی دەنـا وەک ئەوەی لەسەر نـووکی پەنـجە بڕوات، بەو شـێوەیە بنـی پـێڵاوەکەی نەدەڕۆیشـت، پۆشـاکەکانی بە دەگـمەن دەنـارد بـۆ شـتن و بـۆ ئەوەی کـۆن نەبـن و نەکشـێن، هەمـوو جارێک کە دەگەڕایەوە مـاڵەوە، دای نەدەکەنـدن، بـۆ نمـوونە، کراسـە کـۆنەکەی مـاڵەوەی کە ئەگەر کـات ڕەحمـی پـێ نەکـردایە، دەمێـک بـوو داڕزیبـوو. ئەگەر ڕاستی بوترێت، سـەرەتا ڕاهـاتن لەگەڵ ئەم سنوورانەدا ئەسـتەم بـوو، بەڵام دواتـر بـوو بە نەریت و بـاش بـوو؛ تەنـانەت نـانی ئێوارانیشـی لابـرد؛ بەڵام بە وزەی ڕۆحـی خـۆی تێر دەکرد، چونکە بیری لە پـاڵتۆکەی داهـاتووی دەکردەوە. لەو ساتەوە بوونی ئەو مانایەکی پێ درابـوو، بـۆ نمـوونە، وەک ئەوە وابـوو هاوسـەرگیریی کردبێـت، وەک ئەوەی کەسـێکی تـری لەگەڵـدا بـژی، وەک ئەوەی چیتر بە تەنیـا نەبێـت و هـاوڕێیەکی بـاش ڕازی بووبـوو

له کـاروانی ژیانیـدا هـاوڕێگەی بێـت – ئەم هـاوڕێیەش کەس نەبـوو جـگە لە هەمـان پـاڵتۆی نـاواخن گەرم و خوری و دوورین و قوماشەکەی کە نەیدەزانی سوان و دڕان و ڕۆیشـتن چییە. جەسـتە و ڕۆحـی چـالاک بـوو، کارەکتەری بەهێز بوو، وەکو هیی پیاوێک کە ئامانجێکی بۆ خۆی دیاری کردبێت. گومان و نەتوانینی بڕیاردان – بە کـورتی، هەمـوو تایبەتمەنـدییە دوودڵییەکـان– لە ڕوخسـاری و لە ڕەفتاریـدا چیتـر بەدی نەدەکران. زۆر جار ئاگر لە چاوەکانی دەبوونەوە، خەیـاڵی ئازایـانە و دیار مێشکیان دەگەشاندەوە: بۆ فەرووەیەکیش نەکات بە پـاڵتۆکەوە؟ ئەم خەیـاڵانە هۆشـیان بردبـوو. جارێـک لە کـاتی کۆپیکردنـدا تەنـانەت خەریـک بـوو هەڵەیەکـیش بکـات، لەبەر ئەوە هـاواری "ئـاه!"ی کـرد و هێمـایەکی خاچی ئەنجام دا. هەموو مانگێک سەردانی پێترۆڤیچی دەکرد و باسی پاڵتۆکەی دەکرد، کوێ باشترین شوێن بوو تا لـەوێ قوماش بکڕێت، چ ڕەنگێک بێت، بە چەند بێـت، کەمێـک بە خەیـاڵەوە دەگەڕایەوە مـاڵەوە، بەڵام هەمیشـە خۆشـحاڵ بـوو، بیـری لەو کـاتە دەکـردەوە کە چاوەڕوانکردن کۆتـایی پێ دێت و پـاڵتۆکە دەدرێت بە کـرد. زۆر خێراتـر لەوەی پێشـبینیی دەکـرد، کـات دەڕۆیشـت. بە پـێچەوانەی هەمـوو پێشـبینیکردنێکەوە،

بەڕێوەبەرەکە نەک هەر چلوپێنج و پەنجا ڕۆبڵ، بەڵکو شەست ڕۆبڵی بۆ بڕییەوە؛ ئایا هەستی کردووە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ پێویستی بە پاڵتۆیەکە یان نا، ئەو بیست ڕۆبڵی هەر بۆ زیاد کرد. ئەم گۆڕانکارییە شتەکانی خێراتر کرد. دوو سێ مانگی تر بە برسێتی بەسەر دەبرا - ئەکاکی ئەکاکایڤیچ ئێستا هەشتا ڕۆبڵی هەبوو. دڵی کە هەمیشە هێمن بوو، ئێستا بە توندی لێی دەدا. ڕۆژی دواتر هەر زوو لەگەڵ پێترۆڤیچ ڕۆیشت بۆ کڕینی شتەکان. قوماشێکی زۆر باشیان کڕی - ئەمە شتێکی سەیریش نەبوو، چونکە شەش مانگ دەبوو بیریان لێ دەکردەوە و بە ئەستەم مانگێکیان تێپەڕ کردبوو بەبێ ئەوەی بچن بۆ دوکانێک و پرسیاری نرخەکان بکەن؛ پێترۆڤیچیش خۆی ددانی بەوەدا دەنا کە قوماشی باشتری نەدیبوو. بۆ ناوپۆشەکەی چینتزیان هەڵبژارد، بەڵام کوالیتییەکەی هێندە باش بوو، بە قسەی پێترۆڤیچ بێت، لە ئاوریشم باشتر و جوانتر و سافتر بوو. فەروویان بۆ نەکڕی، چونکە زۆر گران بوو، بەڵام لەجیاتیی فەروو، پێستی پشیلەیان هەڵبژارد، باشترین پێستی پشیلە کە لە دوکانەکەدا بوو، پێستی پشیلەیەک کە لە دوورەوە لە فەروو دەچوو. پێترۆڤیچ بۆ دوو هەفتە خۆی بە پاڵتۆکەوە خەریک کرد، چونکە

ناواخنەکەی کارێکی زۆری دەویست؛ ئەگەر ئەوە نەبوایە زۆر زووتر ئامادە دەبوو. بۆ هەقدەستی کارەکەی خۆی پێترۆڤیچ دوازدە ڕۆبڵی وەرگرت - ڕێی تێ نەدەچوو کەمتر بوایە: هەموو دروومانەکان بە ئاوریشم کرابوون و هەمووی درووماني دووخەتی ورد بوون، دواتر پێترۆڤیچ هەر خۆی و بە ددانی خۆی بەسەر درووماننەکاندا ڕۆیشتەوە و چەندین جۆر دیزاینی لە سەر نەخشاند. کە دواجار پێترۆڤیچ پاڵتۆکەی هێنا، ئەگەرچی ئەستەمە بزانرێت کام ڕۆژە بوو، بەڵام خۆشترین ڕۆژ بوو لە ژیانی ئەکاکی ئەکاکایڤیچدا. بەیانییەکەی هێنای، ڕێک پێش ئەو کاتەی بڕوات بۆ ئۆفیس. لە کاتێکی یەکجار باشدا بردبووی، چونکە بەفر دەباری و بەستبووی، لەوەش دەچوو خراپتری بکات. پێترۆڤیچ بە پاڵتۆکەوە هات، وەک نەریتی هەموو بەرگدروویەکی باش. لە ڕوخساریدا سەربەرزی و گرنگییەک بەدی دەکرا کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هەرگیز لە ڕوخساری مرۆڤێکدا نەیدیبوو. وا دەردەکەوت کە شتێکی بچووک نەبوو کە کردبووی و لەناکاو بۆی دەرکەوتبوو کە ئەو جیاوازە لەو بەرگدروانەی کە تەنها پینە دەکەن وەک لەوانەی کە پۆشاکی تازە دەدوورن. پاڵتۆکەی لە ناو جانتا

دەستییەکە دەرهێنا کە تیایدا هێنابووی؛ جانتاکە تازە لە شتن دەرهێنرابوو، قەدی کرد بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێتەوە. کە پاڵتۆکەی دەرهێنا، زۆر سەربەرز دیار بوو، بە هەردوو دەستی ڕای گرت و بە کارامەیی لە دەوری شانی ئەکاکی ئەکاکایڤیچەوە ئاڵاندی؛ پاشان بەرەو خوارەوە ڕای کێشا و بە دەستی پشتەوەی ڕێک کردەوە و قۆپچەکانی پێشەوەی بە کراوەیی هێشتەوە. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ کە پیاوێکی تا ڕادەیەک تەمەندار بوو، ویستی سەرقۆڵەکانی تاقی بکاتەوە؛ پێترۆڤیچ یارمەتیی دا – دەرکەوت کە قۆڵەکانیشی کێشەی نەبوو. بە کورتی، دەرکەوت کە پاڵتۆکە تەواو و پڕ بە بەری خۆی بوو. پێترۆڤیچ نەیتوانی ڕێ لە خۆی بگرێت باسی خۆی نەکات و وتی لەبەر ئەوە نەبوایە کە تەختەی ناونیشانی نەبوو، کە لە شەقامێکی بچووکدا دەژیا و جگە لەوەش زۆر دەمێک بوو ئەکاکی ئەکاکایڤیچی دەناسی، بۆیە هێندە کەمی لێ داوا کردبوو؛ لە شەقامی نێڤسکی بوایە، حەفتاوپێنج ڕۆبڵ بەس بۆ هەقدەست دەبوو. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ نەیویست درێژە بەم باسە بدات لەگەڵ پێترۆڤیچ، چونکە ئەو هەمیشە حەزی دەکرد باسی پارەی زۆر و نرخی ئیشەکانی خۆی بکردایە و لە ڕاستییشدا خۆهەڵکێشان بوو. پارەکەی

ڕادەست کرد و سوپاسی کرد و دەستبەجێ بە پاڵتۆ تازەکەوە ڕۆیشت بۆ ئۆفیس. پێترۆڤیچ بەدوایدا ڕۆیشتە دەرەوە و لە شەقامەکەدا ڕاوەستا، بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە و تەماشای پاڵتۆکەی دەکرد، پاشان بە پەرۆشەوە پەڕییەوە ئەوبەر شەقامەکە و لە کۆڵانەکەوە بەرەو پێشەوە ڕۆیشت بۆ ئەوەی لە پێشیشەوە تەماشایەکی تری پاڵتۆکەی بکات - یاخود ڕاستەوخۆ و بەرامبەر ڕوخساری بێت. لە هەمان کاتدا ئەکاکی ئەکاکایڤیچ لەوپەڕی جەژن و ئارەزوودا بوو. هەموو چرکەیەک هەستی دەکرد پاڵتۆیەکی تازەی کڕیوە، چەند جارێکیش بە هۆی دڵخۆشییەوە زەردەخەنە گرتی. لە ڕاستیدا ئەم پاڵتۆیە دوو جار دڵی خۆش کردبوو: یەکەم کە گەرمی کردبووەوە، دووەم کە پاڵتۆیەکی نایاب بوو. هەستی نەدەکرد بە شەقامەکەدا دەڕوات و لەناکاو گەیشتە ئۆفیسەکە. لە ڕاڕەوی دەرگاوانەکەدا پاڵتۆکەی داکەند و تەماشایەکی کردەوە و بە ئەمانەت ڕادەستی دەرگاوانەکەی کرد. کەس نەیزانی چۆن هەموو فەرمانبەرەکانی دیپارتمانەکە زانییان کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ پاڵتۆیەکی تازەی کڕیوە و چیتر ماکسییەکەی نەماوە. پیرۆزباییان لێ کرد و دڵیان خۆش دەکرد، سەرەتا زەردەخەنە دەیگرت، دواتر

تەریق دەبووەوە. پاشان کە دەستیان کرد بە ئێخەگرتنی کە دەبوایە بە خۆشیی پالتۆکەوە ئاهەنگێکی بۆ ساز بکردنایە، ئەکاکی ئەکاکایڤیچ یەکجار دڵتەنگ بوو، نەیدەزانی چی بکات، نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە و چۆن خۆی لەم هەڵوێستە ناخۆشە دەرباز بکات. پاش چەند خولەکێک لە شەرم و تەریقبوونەوە، هەوڵی دا ڕاستۆگۆیانە دڵنیایان بکاتەوە کە پاڵتۆکە تازە نەبووە و تەنها پاڵتۆیەکی کۆنە. دواجار یەکێک لە فەرمانبەرەکان کە پێی دەچوو یاریدەدەری یەکێک لە سەرۆک فەرمانبەرەکان بووبێت و با ڕاستییش بڵێین کە بە سادەیی و بەبێ ئەوەی خۆی بنوێنێت، وتی: "کەواتە من لەجیاتیی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ ئاهەنگەکە دەگێڕم و ئەمشەو هەموو کەسێک بانگهێشت کراوە بۆ چاخواردنەوە. بە هەڵکەوتیش ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونمە." وەک نەریت، هەموو فەرمانبەرەکان پیرۆزباییان لە یاریدەدەرەکە دەکرد و بە پەرۆشییەوە بانگهێشتەکەیان پەسەند دەکرد. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هەوڵی دا هۆکارێک بهێنێتەوە بۆ ئەوەی نەڕوات، بەڵام هەموویان وتیان کە بێڕێزییە و جگە لە شەرمەزاری و ئابڕووبردن هیچی تر نییە و ڕێی تێ نەدەچوو ڕەتی بکاتەوە. بەڵام دواتر کە بیری لێ کردەوە، دەرکەوت کە

دەتوانێت شــەوەکەش بە پــاڵتۆکەیەوە پیاســە بکــات و کــاتێکی خۆشــی لەگەڵــدا بەســەر ببــات. ئەم ڕۆژە بــۆ ئەکاکی ئەکاکایڤیچ وەکو خۆشـترین ڕۆژی ئاهەنـگ و پشــوو وابــوو. بەوپەڕی خۆشــییەوە گەڕایەوە مــاڵەوە، پــاڵتۆکەی داکەنــد و بە ئاگــاوە بە دیــوارەکەدا هەڵــی واسی، جارێکی تریش سەرسام بوو بە قوماشـەکەی و بە نــاواخنەکەی، پاشــان بــۆ بەراوردکــردن، ماکســییە کــۆنەکەی دەرهێنــا کە پارچەوپــارچە و داڕزیــو بــوو. تەماشــایەکی کــرد و کەوتە پێکەنــین: یەکجــار جیــاواز بــوون! بــۆ مــاوەیەکی زۆر دوای ئەوە و پاش خــواردنی ئێوارە، بەردەوام زەردەخەنە دەیگرت کە بیری لە شــکڵ و دۆخی ماکسییە کۆنەکە دەکردەوە. بە ڕۆحێکی خۆش و بەرزەوە نانی خــوارد و هــیچ شتێکیشــی نەنووسی، لە سەر سیسەمەکەی کەمێک حەوایەوە هەتا تاریک داهات. پاشــان بەبــێ ئەوەی خــۆی دوا بخــات، خــۆی گــۆڕی و پاڵتۆکەی لە بەر کرد و ڕۆیشت.

بە داخەوە مــاڵی یاریدەدەرەکە و شــوێنی ئاهەنگەکەمــان بیر نەماوە: بیرمان زۆر خراپ بووە و هەمــوو خــانوو و شــەقامەکانی پیتەرســبۆرگ هێنــدە گــۆڕاون و بەیەکــدا چوون، ئەســتەمە بە وردی بێتەوە یــاد. لەگەڵ ئەوەشــدا،

ئەوەمان لە بیرە کە لە ناوچە باشەکانی شاردا دەژیا – مانای ئەوە بوو بە هیچ شێوەیەک نزیک نەبوو لە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ سەرەتا دەبوایە بە چەند شەقامێکی چۆڵ و تاریکدا تێپەڕ بوایە، بەڵام کە لە ماڵی فەرمانبەرەکە نزیک بووەوە، شەقامەکان بەکەیفتر و قەرەباڵغتر و ڕووناکتر دەبوون. کەسانی پیادە زیاتر دەردەکەوتن و تەنانەت ئافرەتیش بە پۆشاکی کەشخە و نایابەوە پەیدا دەبوون، هەندێک لە پیاوەکانیش ئێخەی پۆشاکەکانیان فەرووی سەگی ئاوی بوو، لەجیاتیی ئەوەی پڕ بێت لە شۆفێری گالیسکە تەختەییەکان کە بە تۆنی ئاڵتوونی ڕەنگ کرابوون، شۆفێری کڵاو قەیفەی سووری ئەسپ و عەرەبانەی ڕازاوەی دار ئیسپرتۆکراو و کورسیی بە پێستی ورچ داپۆشراو دەردەکەوتن و تایەکانیان بە بەفرەکەدا قیژەیان دەهات. چەند ساڵێک دەبوو بە شەوان نەڕۆیشتبووە دەرەوە. زانینخوازانە لە بەردەم دوکانێکی درەوشاوەدا وەستا کە لە پەنجەرەکەیەوە وێنەی ئافرەتێکی جوان دیار بوو پێڵاوەکەی دادەکەند و بە هۆیەوە هەموو قاچی دیار بوو، قاچیشی خراپ نەبوو؛ لە پشتی وێنەکەشەوە و لە ژوورێکی ترەوە پیاوێک بە سمێڵێکی گەورەی لێوارلوولی سەرنجڕاکێش و

گەورەوە سـەری دەرهێنـا. ئەکـاکی ئەکاکـایڤیچ سـەری لەقاند و پێکەنیی و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشـت. لەبەر چی پێکەنیی؟ لەبەر ئەوە بـوو شـتێکی نـامۆی دیبـوو کە بۆ خەڵک هەستبزوێن بوو؛ یاخود وەکو فەرمانبەرێک بیری کردبــووەوە: "ئەم فەرەنسـییانە! چــی دەڵێیــت، ئەگەر شــتێکیان بوێــت، چــۆن دەڵێیــت... لە ڕاســتیدا چــۆن دەڵێیــت..." بەڵام پــێ دەچێــت بەو شـێوەیەش بیــری نەکــردبێتەوە – مەحــاڵە بزانیـت مـرۆڤ بیـر لە چــی دەکاتەوە.

دواجار گەیشتەماڵی فەرمانبەرەکە و سەرنجی دا کە بە ستایلێکی کەشـخە دەژی: قادرمەکـان ڕوونـاک بـوون و ئەپارتمانەکە لە نهۆمی دووەم بوو. لە هۆڵەکەی پێشەوە کۆمەڵێــــک پــــووتی زۆری بینــــی. لە ناوەڕاســــتدا سەماوەرێک فیکەی دەهات و هەڵمی لێ دەهـاتە دەرەوە. پاڵتۆ و عەبـا بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، هەندێکیان تەنـانەت ئـێخەی فەرووی سـەگی ئـاوی و ژێـرئێخەی قەیفەیان تیادا بوو. لە پشت دیوارەکانەوە دەنگی قسـە و گفتوگۆ دەهـات و لەناکـاو بەرز و ڕوونتـر بـوو، چـونکە کــــارگوزارەکە بە ســــینییەک پەرداخــــی بەتــــاڵ و ســــوراحییەکی کــرێم و زەمــیلەیەک بسـکیتەوە هــاتە

دەرەوە. ئاشکرا بوو کە فەرمانبەرەکان دەمێک بوو هاتبوون و پیاڵەیەک چایان خواردبووەوە. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ پاڵتۆکەی هەڵواسی و ڕۆیشتە ژوورەوە و لەناکاو دیمەن و ڕووناکیی چراکان و فەرمانبەرەکان و پایپی جگەرەکان و مێزی یاریی کارتەکان دەرکەوتن و دەنگی گفتوگۆ و جووڵەی مێزەکان بە بەرزی دایان بە گوێیدا. بە نارەحەتی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستا، تەماشای چواردەوری دەکرد و بیری دەکردەوە چی بکات. بەڵام پێیان زانی هاتووە و بە هاوار بەخێرهاتنیان لێ کرد و هەموویان بەیەکەوە هاتن بۆ هۆڵەکە و دووبارە لە پاڵتۆکەیان کۆڵییەوە. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ تا ڕادەیەک شەرمەزار بوو، بەڵام چونکە پیاوێکی باش و دڵکراوە بوو، حەزی دەکرد بزانێت فەرمانبەرەکان چۆن پاڵتۆکەی هەڵدەسەنگێنن. دوای ئەوە، وازیان لە خۆی و پاڵتۆکەی هێنا و گەڕانەوە بۆ سەر مێزەکانیان کە بۆ یاری ئامادە کرابوو. هەموو دۆخ و جەوی ژوورەکە –دەنگەدەنگ و گفتوگۆ و قەرەباڵغییەکە– بۆ ئەکاکی ئەکاکایڤیچ شتێکی نامۆ بوو. نەیدەزانی چی بکات، دەست و قاچی بخاتە کوێوە، یاخود خۆی بخاتە کوێوە؛ دواجار لەگەڵ یاریچییەکان دانیشت و تەماشای کارتەکان و ڕوخساری یەک بە

یەکیانی دەکرد، پاش ماوەیەکی کەمیش باوێشکی دا و بێتاقەت بوو، کە کاتی خەوتنی تێپەڕ بوو، هێندەی تر بێزار بوو. هەوڵی دا ڕوخسەت لە خاوەن ئاهەنگەکە وەربگرێت و بڕوات، بەڵام ڕەتی کردەوە، وتی کە دەبێت پەرداخێک شامپانیا بە خۆشیی پالتۆکەیەوە بخورێتەوە. پاش کاژێرێک خواردن ئامادە کرا کە لە زەڵاتە و گۆشتی گوێرەکەی سارد و پەیت (سەموون و گۆشتی هاڕراو) و شیرینی و شامپانیا پێک هاتبوو. فشار لە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ کرا دوو پەرداخ بخواتەوە و جەوی ژوورەکەی لا خۆش کرد. بەڵام ئەوەی لە بیر نەچووبووەوە کە کاتی نیوەشەو و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە تێ پەڕیبوو. لەبەر ئەوەی خاوەن ئاهەنگەکە ڕێی لێ نەگرێت، بە بێدەنگی ژوورەکەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت بۆ هۆڵەکەی پێشەوە بۆ ئەوەی پالتۆکەی لە بەر بکات و تێبینیی کرد لە سەر ئەرزەکەیە، بە وردی تەکاندی و لە بەری کرد و چووە خوارەوە و بەرەو دەرەوە بە ڕێ کەوت. دەرەوە هێشتا ڕۆشن بوو. هەندێک لە دوکانی وردەواڵەکان و یانە بەردەوامەکان بۆ کارگوزارەکان و کەسانی تر کراوە بوون؛ ئەوانەش کە داخرابوون، هێشتا ڕۆشن بوون و لە درزی دەرگاکەوە ڕووناکی دەهاتە دەرەوە، ئەمەش مانای

ئەوە بــوو کە هێشــتا کڕیاریــان لابــوو، پــێ دەچــوو کارگوزارەکانیش کۆتایی بە قسە و گفتوگۆکانیان بهێنن و بەڕێوەبەرەکانیشــیان شــڵەژابوون بــزانن لە کــوێن و چــی دەکەن. ئەکــاکی ئەکاکــایڤیچ بە ڕۆح و دڵێکــی خۆشــەوە دەڕۆیشــت، تەنــانەت خەریــک بــوو لەناکــاو ڕابکات کە ئافرەتێک وەکو هەورەتریشقە خێرا بە لایدا تێپەڕی و جووڵەی لەشی یەکجار نایاب و بەگوڕ بوو. بەڵام دەســتبەجێ ڕاوەســتا و دووبــارە بە هێواشــی دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن و بە خۆی سەرسام بوو کە ئەو هەستی ڕاکردنە لە کوێوە هاتووە. زۆری پێ نەچوو شــەقامە چۆڵەکــان هــاتنەوە ســەر ڕێــی کە بە ڕۆژیــش تەنــگ بــوون نەک هەر بە شــەو. ئێســتا زۆر زیاتر لە ڕۆژ چۆڵتر بوو: چراکانی سەر شەقامەکە کەم بووبوونەوە – بێگومان نەوت کەم دابەش دەکرا. پاشان خانووە دارینەکان و پەرژینە دارینەکان دەرکەوتنەوە؛ ڕۆحلەبەرێک بەدی نەدەکرا؛ تەنها بەفر لە شەقامەکاندا دەبینرا و خانۆچکەی نزم دیار بوون کە پەنجەرەکانیان تاریک و داخراو بوون. گەیشتە شوێنێک کە شەقامەکە بە گۆڕەپــانێکی یەکجــار گەورە جیــا بووبــووەوە، لە بیابــانێکی نــاخۆش دەچــوو، هێنــدە گەورە بــوو خانووەکانی ئەوبەرەوە بە ئەستەم دیار بوون.

لە دوورەوە، خـــودا دەزانێـــت چەنـــد دوور بـــوو، ڕوونـاکییەک لە ژووری پاسـەوانێکەوە دەدرەوشـایەوە کە لەوە دەچـوو هێنـدەی ئەوسـەری دنیـا دوور بێـت. لێرەدا خۆشییەکەی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بە تەواوی لەناو چـوو. کە پێـی نـایە نـاو گۆڕەپـانەکەوە، ترسـێکی زۆر گیانی داگرت، چونکە دڵی پێی وتبوو کێشـە ڕوو دەدات. تەماشـای پشـتەوە و لاتەنیشـتەکانی کـرد: لە دەریـایەک دەچـــوو. بیـــری کـــردەوە و بە چـــاوی داخـــراوەوە دەڕۆیشـــت و کە چـــاوی کـــردەوە بـــۆ ئەوەی بزانێـــت کۆتایی گۆڕەپانەکە چەندی ماوە، لەناکاو لە بەر لووتیدا چەنـــد پیـــاوێکی ســـمێڵبابڕ وەســـتابوون کە بە هـــیچ شـێوەیەک شـکڵ و شـێوەیانی نەدەناسییەوە. چاوەکـانی تاریـک بـوون و دڵـی بە تونـدی لێـی دەدا. یەکێکیـان بە دەنگێکـی تـووڕەوە وتـی: "ئەو پـاڵتۆیە هیـی مـنە!" و ئـێخەکەی گـرت. ئەکـاکی ئەکاکـایڤیچ ویسـتی هـاواری "یـارمەتی!" بکـات کە یەکێکیـان بە دەسـتێکی گەورەی هێندەی سەری فەرمانبەرێک دەمی گرت و وتـی: "ئەگەر ئازایـت هـاوار بـکە!" ئەکـاکی ئەکاکـایڤیچ تەنهـا خەمـی پـاڵتۆکەی بـوو کە لە بەریـدا دایـان کەنـد، ئەژنۆیەکیـان پیـادا کێشـا و بە دەمـدا کەوتە نـاو بەفـرەکەوە، چیتـر هەستی بە هیچ نەدەکرد. پاش چەند خولەکێک هۆشی

هـاتەوە و هەسـتايە سـەر پێ، بەڵام چيتر کەسـی لـێ نەبوو. هەستی بە سـەرما کرد و هەستی بەوەش کرد کە پاڵتۆکەی لە بەردا نەماوە؛ هاواری کرد، بەڵام دەنگی نەدەگەيشـــتە کۆتـــايی گۆڕەپـــانەکە. لە بێدەســـەڵاتيدا هـــاواری دەکـــرد و دەســـتی کـــرد بە ڕاکـــردن بە گۆڕەپانەکەدا و ڕاستەوخۆ بەرەو کۆشکی پاسـەوانەکە کە پاسـەوانێک لە تەنیشـتيەوە لە کـاتی ئەرکـی فەرميـی خۆيـدا بـوو، بەسـەر تفەنگەکەيـدا چەمـابووەوە و بە سـەرنجەوە تەماشـای دەکـرد، دەيويسـت بزانێـت لەبەر چـی پياوێـک لە دوورەوە بەرەو ڕووی ڕای دەکـرد و هـاواری دەکـرد. ئەکـاکی ئەکاکـايڤيچ بەرەو ڕووی ڕای دەکـرد و بە هەناسـەبڕکێ هـاواری دەکـرد، لە هەمـان کاتـدا پێـی سـەير بـوو کە پاسـەوانێک لە کـاتی دەوامـدا بێت، بەڵام خەواڵوو بێت و پياوێکی نەديبێت دزيی لـێ کرابێـت. پاســەوانەکە وەڵامــی دايەوە کە هيچــی وای نەديـوە؛ کە تەنهـا دوو پيـاوی ديـوە لە گۆڕەپـانەکەدا، بەڵام پێـی وابـووە هـاوڕێ بـوون، لە هەمـان کاتـدا لەجيـاتيی ئەوەی هـاوار لە پاسـەوانەکە بکـات، سـبەينێ بـڕوات بۆ لای پشـکنەرێک و پشـکنەرەکە پاڵتۆکەی بۆ بـدۆزێتەوە. ئەکـــاکی ئەکاکـــايڤيچ زۆر بە شـــێواوی گەڕايەوە ماڵەوە: قژە ڕووتـاوە و تۆپەڵ تۆپەڵەکەی بژ

بووبووەوە؛ هەموو لەشی بە بەفر داپۆشرابوو. ئافرەتی خاوەن ماڵەکەی کە گوێی لە لێدانە توندەکەی دەرگاکە بوو، بە پەلە لە سەر جێگەکەی ڕاپەڕی و بە یەک تاک پێڵاوەوە ڕای کرد بیکاتەوە، لەبەر عەیبە شەوکراسەکەی بە سنگییەوە گرتبوو؛ بەڵام کە دەرگاکەی کردەوە، بە بینینی دۆخ و شکڵی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هەنگاوێک چووە دواوە. کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ پێی وت چی ڕووی داوە، ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە کە دەستبەجێ بچێت بۆ لای بەڕێوەبەری پشکنەرەکان، چونکە پشکنەرەکان خۆیان فێڵی لێ دەکەن و بەڵێنی پێ دەدەن و نایبەنە سەر؛ کە بەڕێوەبەری پشکنەرەکان پیاوێکی ناسیاوە، چونکە ئانای فینلەندی کە وەکو شێفێک ئیشی بۆ ئەم دەکرد، ئێستا وەکو دایەنێک لای بەڕێوەبەرەکە دامەزراوە و کە بەڕێوەبەرەکە هەمیشە بە لای ماڵەوەیاندا دەڕوات، ئەم دەیبینێت، هەموو یەکشەممانێکیش دەڕوات بۆ کڵێسا و نوێژ دەکات و بە ڕوویەکی خۆشەوە تەماشای هەموان دەکات، هەموو ئەمانە نیشانەی پیاوی باش بوون. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ گوێی لەم ئامۆژگارییە گرت و بە غەمگینی و بە هێواشی ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی. چیرۆکی ئەو شەوەی چۆن بەسەر برد، بەجێ دەهێڵین

بۆ ئەو خوێنەرانەی کە دەتوانن تا ڕادەیەک خۆیان بخەنە جێی کەسێکی تر و هەست بە نەهامەتییەکانی بکەن.

هەر بەیانییەکەی زوو ڕۆیشت بۆ لای بەڕێوەبەرەکە، بەڵام پێی ڕاگەیەنرا کە هێشتا خەوتووە؛ دووبارە کاژێر دە سەردانی کردەوە و دووبارە پێی وترایەوە: خەوتووە؛ کاژێر یازدە سەردانی کردەوە و پێی وترا بەڕێوەبەرەکە لە ماڵەوە نییە؛ لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا سکرتێرەکان ڕێیان پێ نەدا بڕواتە ژوورەوە و پرسیاریان کرد داواکەی چییە، چی وای لێ کردووە بێت بۆ ئێرە و چی ڕووی داوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بڕیاری دا کارەکتەرێکی بەهێز پیشان بدات و بە کورتی وتی دەبێت خۆی بەڕێوەبەرەکە ببینێت، بە شەخسی، ئینجا بۆشیان نەبوو ڕەتی بکەنەوە و لە دیپارتمانەکەی خۆیەوە بە فەرمی نێررابوو. ئەگەر ئەمەشیان ڕەت بکردایەتەوە، شکاتی لێ دەکردن و خۆیان ئەنجامەکەیان بە چاوی خۆیان دەبینی. سکرتێرەکان نەیانوێرا هیچ بڵێن و یەکێکیان ڕای سپارد بانگی بەڕێوەبەرەکە بکرێت. بەڕێوەبەرەکە کاردانەوەیەکی زۆر نامۆیانەی هەبوو بەرامبەر

چیرۆکی پاڵتۆکە. لەجیاتیی ئەوەی سەرنجی بخاتە سەر پێکهاتەی باسەکە، دەستی کرد بە پرسیار و لێکۆڵینەوە لە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ -لەبەر چی هێندە درەنگ گەڕاوەتەوە ماڵەوە و لە شوێنێکی خراپ کاتی بەسەر نەبردووە؟- ئەمە ئەکاکی ئەکاکایڤیچی زۆر شەرمەزار کرد و چیتر نەیدەزانی کەیسی پاڵتۆکە بە ڕێڕەوی ڕەوای خۆیدا دەڕوات یاخود نا. ئەو ڕۆژە نەڕۆیشت بۆ ئۆفیس (یەکەم جار بوو لە ژیانیدا). ڕۆژی دواتر بە ڕەنگی زەرد و بە بێتاقەتی و بە ماکسییە کۆنەکەیەوە کە ئێستا زۆر لە جاران وێرانتر بوو، گەڕایەوە بۆ ئۆفیس. ئەگەرچی هەندێک لە فەرمانبەرەکان بەشی خۆیان گاڵتەیان پێ کرد، بەڵام زۆربەیان بە چیرۆکی دزینی پاڵتۆکە خەمبار بوون. دەستبەجێ بڕیاریان دا کۆمەکی بکەن، بەڵام شتێکی کەم دەرچوو، چونکە فەرمانبەرەکان پارەیەکی زۆریان کۆ کردبووەوە بۆ وێنەیەکی بەڕێوەبەرەکە و لەسەر داوای سەرۆکی فەرمانبەرانیش بەشداربووی کتێب و ڕۆژنامە بوون کە نووسەرەکەیان هاوڕێی سەرۆکی فەرمانبەران بوو - لەبەر ئەوە، کۆمەکەکەی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ زۆر کەم دەرچوو. یەکێکیان هەستی زۆر جووڵا و بڕیاری دا هیچ نەبێت، ڕاوێژی باشی پێ بدات و پێی وت کە

نەچێت بۆ لای پۆلیس، چونکە لەوانە بوو پۆلیسەکە پاڵتۆکە بدۆزێتەوە و بۆ خۆبردنەپێشەوە لە کەسانی سەروو خۆی، پاڵتۆکە ڕادەست نەکاتەوە و داوای بەڵگەی یاسایی بکات کە ئەم خاوەنی ڕاستەقینەی پاڵتۆکەیە؛ باشترین شت ئەوە بوو کەسێکی گرنگ بدۆزێتەوە و لە ڕێی ئەم کەسە گرنگەوە بە شێوەیەکی نووسراو و فەرمی کارەکان بەبێ کێشە بگەیەنێتە ئەنجام. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ چاری تری نەبوو، بڕیاری دا بڕوات بۆ لای کەسێکی گرنگ. ئەو کەسە گرنگە لە چ پۆستێکدا بووە و سەر بە کێ بووە، کەس نازانێت. دەبێت ئەوەش بزانرێت کە کەسە گرنگەکە تازە گرنگ بووبوو، پێشتر هیچ گرنگ نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پۆستەکەی ئێستای بەراورد بە پۆستی کەسانی تر هێندە گرنگ نەبوو. بەڵام کەسانێک هەن کە هەمیشە کەسانێک بە گرنگ دەزانن کە گرنگ نین. بەڵام ئەم کەسە بە چەندین جۆر هەوڵی دا گرنگییەکەی خۆی بسەپێنێت – بۆ نموونە، فەرمانێکی دەرکردبوو بۆ فەرمانبەرە پلە نزمەکان کە کاتێک دەهات بۆ ئۆفیس، دەبوایە لە سەر قادرمەکان چاوەڕێی بکەن؛ کەس نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ بچێتە خزمەتی، بەڵکو شتەکان دەبوایە جددی و فەرمی بوونایە: تۆمارکەرێک دەبوایە

ڕاپـۆرتی بـدایە بە سـکرتێری نـاوچەکە، سـکرتێری نـاوچەکەش نوێنەرێـک یـاخود کەسـێکی تـری ئاگـادار بکردایەتەوە. ئا بەم شێوازە خەڵک دەیانتوانی بگەن بە ئەو. بەم شێوەیە، لە ڕووسیای پیرۆز هەمـوو شتێک بە لاسـاییکردنەوە بە ڕێـوە دەڕۆیشـت، هەمـوو کەسـێک لاسـایی سـەرووی خـۆی دەکـاتەوە. دەڵـێن جارێـک کە ئەنـدامێکی پلەنـزم کرابـوو بە بەرپرسـی بـاڵیۆزێکی بچـووک، دەسـتبەجێ دیـوارێکی لە نێـوان خـۆی و فەرمانبەرەکـانی تـردا دروسـت کـردووە و نـاوی نـاوە "ئـــۆفیس" و لای دەرگـــاکەوە ڕێپیشـــاندەرێکی دامەزرانـدووە کە تەنهـا ئیشـی ئەوە بـووە دەرگـا بـۆ میوانەکـان بکـاتەوە، ئەگەرچـی "ئۆفیس"ەکە بە ئەسـتەم جێی مێزێکی ئاسایی تێدا دەبووەوە. ڕەفتـار و شـێوازی کارکردنی کەسە گرنگەکە شکۆدارانە و پایەدار و بەرز بـوو، بەڵام بە هـیچ شـێوەیەک ئـاڵۆز نەبـوو. تەنهـا پرەنسـیپی ئەم سیسـتەمە جـددیبوون بـوو. هەمیشـە دەیـوت "جـددی و جـددی و جـددی." هەمیشـــە بە گرنگییەکـی یەکجـار خۆسـەپێنەوە دواوشـەکەی بە کەسەکەی بەرامبەری دەوت. ئاشکرا بوو پێویستی بەم خۆسـەپاندنە نەدەکرد، چـونکە هەمـوو فەرمانبەرەکـانی ئۆفیسەکە دەرزەنێک دەبوون و بەبێ هیچ شتێک خۆیان

دەترسـان؛ بەڵام کە لە دوورەوە دەیـانبینی، کارەکانیـان ڕادەگـرت و بە پێـوە چاوەڕێیـان دەکـرد هەتـا بە ژوورەکەدا تێـپەڕ دەبـوو. گفتوگۆکـانی لەگەڵ فەرمانبەرەکـانی هەمیشـە جددی بـوون و هەمیشـە لە سێ ڕسـتە پێـک هـاتبوون: "چـۆن لە دەسـتت دێـت؟ دەزانیـت قسـە لەگەڵ کـێ دەکەیـت؟ دەزانێـت لە بەردەم کێدا ڕاوەستاویت؟" بەڵام لە ناخەوە کەسێکی باش بوو، لەگەڵ هاوڕێکانیـدا هەمیشـە دۆسـتانە مامەڵـەی دەکـرد، خزمەتی دەکردن، بەڵام پلەی فەرماندەبوونەکەی سەری لێ تێک دابوو. کە پلەی فەرمانـدەی پێ درابـوو، سـەری لـێ شـێوابوو، نەیـدەزانی چـۆن ڕەفتـار بکـات. کە لەگەڵ کەسـانی هـاوپلەی خۆیـدا دەبـوو، زۆر ئاسـایی بـوو، لە زۆر لایەنـدا کەسـێکی ژیـر بـوو؛ بەڵام هەر کە کەسـێکی دەبینی، تەنانەت ئەگەر پلەیەکیش لە ژێر خۆیەوە بوایە، هەتا دەیتـوانی خـراپ دەبـوو: بێدەنگ دەبـوو و تەنـانەت بەزەییشـیان پیـا دەهـاتەوە، چـونکە خۆشـی دەیزانـی کە دەتوانێت جیـاواز لەمە کـاتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەسـەر ببات. لە چاوەکانیدا دیار بوو کە هەندێک جار دەیویست بەشـداری گفتوگـۆیەکی خـۆش و سـەرنجڕاکێش بێـت، بەڵام هەمیشـە بە خەیاڵێـک ڕەتـی دەکـردەوە: بەشداربوون خۆنزمکردنەوە نییە بۆ ئاستی ئەوانی تر؟

که ئەم خەیاڵە بەسەریدا زاڵ دەبوو، بێدەنگیی هەڵدەبژارد و هەندێک جار تەنها وشە و دەنگی یەکبڕگەیی دەردەبڕی، بەمەش دەبوو بە بێتامترین و بێزەوقترین کەس. ئەکاکی ئەکاکایڤیچەکەی ئێمەش بۆ لای ئەم کەسە گرنگە هات و لە خراپترین کاتدا هات، زۆر بێچانس بوو، بەڵام بۆ کەسە گرنگەکە زۆر کاتێکی باش بوو.

کەسە گرنگەکە لە ئۆفیسەکەیدا لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینیدا زۆر زۆر بە دڵخۆشی قسەی دەکرد کە چەند ساڵێک بوو نەیدیبوو. لەو کاتەدا بوو کە پێیان وت باشماکنێک هاتووە.

بە کورتی وتی "کێیە؟"

وەڵامیان دایەوە "فەرمانبەرێکە."

کەسە گرنگەکە وتی "ئاە، با بوەستێت، ئێستا کاتێکی زۆر باش نییە."

لێرەدا دەبێت ئەوە بوترێت کە کەسە گرنگەکە زۆری لە خۆی دەکرد و ڕاستی نەدەکرد: کاتێکی باش بوو، دەمێک بوو لە قسەوباس تەواو بووبوون و بێدەنگییەکی درێژ لە نێوان گفتوگۆکانیاندا باڵی کێشابوو

و گەیشتبووە ئەوەی دەست بکێشن بەسەر ڕانی یەکتردا و بڵێن:

"ئێ، ئیڤان ئەبرامۆڤیچ!"

"ئێ، ستێفان ڤارلامۆڤیچ!"

بەڵام بە فەرمانبەرەکەی وت چاوەڕێ بکات بۆ ئەوەی پیشانی هاورێکەی بدات کە فەرمانبەران لە هۆڵەکەیدا چاوەڕێی فەرمانی ئەویان دەکرد. ئەو هاورێیەی کە بۆ ماوەیەک دەبوو خانەنشین کرابوو، لە موڵکێکی خۆی لە دەرەوەی شاردا دەژیا. دواجار پاش قسەوباسێکی زۆر و بێدەنگییەکی زۆر و کێشانی چرووت لە کورسییەکی خۆشباردا کە بەرەو پشتەوە لار دەبووەوە، لەناکاو بیری کەوتەوە و بە سکرتێرەکەی کە بە کۆمەڵێک ڕاپۆرتەوە لە بەر دەرگاکەدا وەستابوو، وت:

"ئاه، بەڵێ، فەرمانبەرێک چاوەڕێ دەکات. پێی بڵێ دەتوانێت بێتە ژوورەوە."

بە بینینی دیمەنە بێفیز و سادەکەی ئەکاکی ئەکاکایڤیچ و پۆشاکە کۆنەکەی، ڕووی تێ کرد و لەناکاو وتی: "چی بە من دەکرێت بۆت بکەم؟"

بە دەنگێکی کورت و ڕەق ئەمەی وت کە هەفتەیەک پێش وەرگرتنی پلەی فەرمانـدە لە بەردەم ئاوێنەی ژوورەکەیدا و بە تەنیا ڕاهێنانی بۆ کردبوو.

ئەکاکی ئەکاکایڤیچ کە لە چاوەڕوانکردندا شەرم دای گرتبوو، کەمێک سەری لێ تێک دا و هەتا توانیی، بە باشی ڕوونی کردەوە، هێندەی کە ئازادیی زمانی ڕێی پێ دا و بە بەکارهێنانی وشەی وەکو "چۆن دەڵێیت" زۆر زیاتر لە جاران، کە پاڵتۆکەی تازە بووە و بە شێوازێکی دڕندانە لێیان دزیوە و لەبەر ئەوە هاتبووە خزمەتی ئەو کە بتوانێت بە نووسین داوا لە بەڕێوەبەرەکە یاخود کەسێکی تر بکات پاڵتۆکەی بدۆزنەوە. لەبەر هۆکارێکی نەزانراو فەرمانـدەکە ئەم کەسەشی وەکو ئەوانەی تر لە قەڵەم دا.

بە کورتی وتی: "تۆ چی دەڵێیت بەڕێز؟ یاساوڕێسا نازانیت؟ تۆ چی دەکەیت لێرە؟ نازانیت کەیسەکان چۆن بە ڕێوە دەچن؟ دەبوایە لە ئۆفیسەکە سکاڵایەکت تۆمار بکردایە؛ لەوێوە دەگەیشت بە دەستی فەرمانبەری بەرپرسیار، ئینجا بۆ بەرپرسیارێکی تر، پاشان بۆ سکرتێرەکەم ڕوون دەکرایەوە و ئەویش ڕادەستی منی دەکرد..."

ئەکاکی ئەکاکایڤیچ وتی: "بەڵام گەورەم." هەوڵی دەدا ئەو تۆزە هێمنی و کۆنترۆڵە لە دەست نەدا ئەگەرچی ئارەقێکی زۆری کردبووەوە. "ببوورە بەم کردارەم بێزاریشت دەکەم، بەڵام سکرتێر چۆن دەڵێیت... بە گشتی ناتوانیت پشتیان پێ ببەستیت..."

کەسە گرنگەکە وتی "چی، چی، چی؟ لە کێوە فێری شتی وا بوویت؟ ئەم بەگژداچوونەوەیە چییە لە چینی گەنجاندا بڵاو بووەتەوە بەرامبەر بەڕێوەبەرەکانیان و سەروو خۆیان؟"

کەسە گرنگەکە لەوە دەچوو سەرنجی نەدابێت کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ خەریک بوو خۆی دەدا لە پەنجا ساڵ. ئەگەر بە گەنجیش مەزەندە بکرایە، دەبوایە بەرامبەر بە کەسێکی حەفتا ساڵ بەراورد بکرایە.

"دەزانیت ئەم قسانە بەرامبەر کێ دەکەیت؟ دەزانێت کێ بەرامبەرت ڕاوەستاوە؟ دەزانیت؟ لەگەڵ تۆمە، دەزانیت؟"

لێرەدا کە قاچی دا بە ئەرزدا و دەنگی هێندە توند و ڕەق کرد ئەگەر ئەکاکی ئەکاکایڤیچیش نەبوایە، هەر دەترسا. ئەکاکی ئەکاکایڤیچ تەواو ترسا و نەیدەتوانی بە

پێوە بوەستێت: ئەگەر کارگوزارەکان نەهاتنایە و بیانگرتایە، دەکەوت بە ئەرزدا. بەبێ ئەوەی بجوولێتەوە، بردیانە دەرەوە. کەسە گرنگەکەش کە خۆشحاڵ بوو بەوەی کە کاریگەرییەکەی زیاتر لەوەی پێشبینیی دەکرد و خۆشحاڵتر بوو کە وشەکانی دەتوانن پیاوێک ببورێننەوە، نیمچەسەرنجێکی هاورێکەی دا بۆ ئەوەی بزانێت کاردانەوەی ئەو چۆن بووە، بەڵام دیمەنی ئەو خۆشحاڵی نەکرد، چونکە تەنانەت ئەویش خەرک بوو دەترسا.

چۆن بە قادرمەکاندا ڕۆیشتە خوارەوە و چۆن ڕۆیشتە دەرەوە، ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هیچی بیر نەمابوو. هەستی بە دەست و قاچی نەدەکرد. هەرگیز لە ژیانیدا فەرماندەیەک هێندە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ نەکردبوو، تەنانەت بەڕێوەبەرەکەی خۆشی. بە گەردەلوولی بەفرەکەدا دەڕۆیشت کە بە شەقامەکاندا فیکەی دەهات، جارجار دەیخست بە لادا، ڕەشەبا ناودارەکەی پیتەرسبۆرگ لە هەر چوار لاوە پیایدا دەکێشا. دەستبەجێ تووشی قورگئێشەی کرد و کە گەڕایەوە ماڵەوە، نەیدەتوانی وشەیەک بڵێت؛ هەموو گیانی هەڵئاوسا و ئازاری هەبوو، ڕۆیشت بخەوێت. هەندێک

جار سەرزەنشتکردن چ کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە!

ڕۆژی دواتر تووشی تایەکی زۆر بەرز بوو. بە هۆی کەشوهەواکەی پیتەرسبۆرگەوە زۆر خێراتر لەوەی پێشبینی دەکرا، بەرەو خراپی ڕۆیشت. کە دکتۆرەکەش هات و لێدانی دڵی بۆ گرت، جگە لە هەویر خستنەسەر برینەکە هیچی تری بۆ نەدەکرا، ئەوەش تەنها بۆ ئەوە بوو کە پیاوەکە بەبێ هیچ جۆرە دەرمانێک بەجێ نەهێڵێت؛ بەڵام ناچار بوو ڕای بگەیەنێت کە ڕۆژ و نیوێکی تری ماوە و وەک خەڵک دەڵێت: لێ بووەتەوە و کۆتایی بە ژیانی دێت. ڕووی کردە ئافرەتی خاوەنماڵەکە و وتی:

"تۆش ئازیزەکەم، کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە، هەر ئێستا کفنێکی دارسنەوبەری بۆ بکڕە، چونکە دابەڕوو گرانە بۆ ئەو."

ئایا ئەکاکی ئەکاکایڤیچ ئەم وشە کوشندانەی بیست، ئەگەر گوێشی لێ بووبێت، ئایا کاریگەرییان هەبووە لەسەر دەروونی، ئایا لە ژیانە ناخۆشەکەی پەشیمان بوو – هیچ لەمانە نازانرێن، چونکە تای لێ هاتبوو و بەردەوام وڕێنەی دەکرد. بەردەوام شتی نامۆی دەهاتە پێشچاو: سەرەتا پێترۆڤیچی بینی و فەرمانی پێ کرد

پاڵتۆیەکی بۆ دروست بکات تەڵەی بۆ دز پێوە بێت، تەنانەت هاواری لە خاوەن موڵکەکەی دەکرد کە بێت دزەکانی ژێر بەتانییەکە دەربکات؛ ئینجا پرسیاری کرد بۆچی ماکسییە کۆنەکەی لە بەرچاویدا هەڵواسراوە کە ئەو پاڵتۆیەکی تازەی هەیە؛ پاشان خەیاڵی بەرەو فەرمانـــــدەکە ڕۆیشـــــت، بە جـــوانی گـــوێی لە سەرزەنشـــتکردنەکە دەگـــرت و بەردەوام دەیبۆڵانـــد: "ببوورە گەورەم!"

پاشان دواجار کفری کرد، ناخۆشترین قسەی دەکرد، تەنانەت خاوەن موڵکەکەش هێمای تۆبەکردنی کرد، هەرگیز قسەی وای لە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ نەبیستبوو. ئەوەی کە زیـــاتر تـــۆقێنەر و ناخۆشـــی کردبـــوو، دووبـــــارەکردنەوەی "گەورەم" بـــــوو لە نێـــــوان کفرکردنەکانـدا. دوای ئەوە هەرچییەکـی دەوت، قسـەی تێکەڵ و بێمانا بوو و کەس لێی تێ نەدەگەیشت؛ بەڵام ئەوە ئاشکرا بوو کە قسە تێکەڵوپێکەڵەکانی تەنها لەسەر بابەتی پاڵتۆکە بوون. دواجار ئەکاکی ئەکاکایڤیچ داماو ڕۆحی دەرچوو.

نە ژوورەکەی و نە پاشماوەکانی نەپێچرانەوە، چونکە یەکەم نەوەی نەبوو، دووەم هیچی وای لە پاش بەجێ

ئەما – چەند پەڕێکی قاز و سەفتەیەک کاغەزی فەرمی و سێ جووت گۆرەوی و دوو سێ پانتۆلی دڕاو و ماکسییە کۆنەکە کە خوێنەر ئاشنایەتی. هەموو ئەمانە بەر کێ کەوتن، خودا دەزانێت: ددان بەوەدا دەنێم کە لە لای چیرۆکبێژی ئەم چیرۆکەش گرنگییان نەبوو. ئەکاکی ئەکاکایێڤیچیان برد و ناشتیان. پیتەرسبۆرگ بەبێ ئەکاکی ئەکاکایێڤیچ مایەوە و وەک ئەوەی هەرگیز لەوێ نەبووبێت. ڕۆیشت ئەو بوونەوەرەی کە کەس پارێزگاریی لێ نەدەکرد و لای کەس خۆشەویست و سەرنجڕاکێش نەبوو، تەنانەت سەرنجی سروشتگەرێکیشی ڕانەکێشابوو – کەسێک کە تەنانەت دەرزییەک دەکا بە مێشێکدا و لە ژێر میکرۆسکۆپدا لێی دەکۆڵێتەوە؛ بوونەوەرێک کە گاڵتەپێکردنی ئۆفیسەکەی قبووڵ دەکرد و بەبێ هۆکار گیانی لە دەست دا، بەڵام لە کۆتایی ژیانیدا میوانێکی ڕووناک لە فۆرمی پاڵتۆیەکدا سەردانی کرد، بۆ ساتێک ژیانە هەژارانەکەی بووژاندەوە و دواتر نەگبەتیی بەسەردا هێنا، وەک چۆن بەسەر پاشا و فەرمانڕەواکانی دنیادا دەیهێنێت... چەند ڕۆژێک دوای گیانلەدەستدانی، لە ئۆفیسەوە کارگوزارێک نێررا کە بە ئەکاکی ئەکاکایێڤیچ ڕابگەیەنێت دەستبەجێ سەردانیان بکات – بەرپرسیارەکە فەرمانی

کرد. بەڵام کارگوزارەکە بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، پێی ڕاگەیاندن کە فەرمانبەرەکە چیتر ناگەڕێتەوە. کە لێیان پرسی "لەبەر چی؟" بەم وشانە وەڵامی دانەوە: "لەبەر ئەوەیە کە مردووە، سێ ڕۆژ لەمەوپێش ناشتوویانە..." ئۆفیسەکە بەم شێوەیە بە مردنەکەی ئەکاکی ئەکاکایڤیچیان زانی و ڕۆژی دواتر فەرمانبەرێکی تازە لە شوێنەکەیدا دانیشت، فەرمانبەرێکی بالابەرزتر کە نامەکانی بە ڕێکی نەدەنووسی، بەڵکو بە خەتێکی خواروخێچ دەینووسین.

بەڵام کێ پێشبینیی دەکرد کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ هێشتا نەجاتی نەبووە، کە بۆ چەند ڕۆژێک دوای مردنیشی لە ژاوەژاوێکدا دەژیا، وەک ئەوەی پاداشتێک بێت بۆ ژیانە پەشیمانەکەی کە کەس هەستی بە بوونی ئەو نەدەکرد؟ بەڵێ ئەمە ڕووی دا و چیرۆکە ناخۆشەکەمان کۆتاییەکی خۆشی هەیە. لەناکاو قسەیەک بە پیتەرسبۆرگدا بڵاو بووەوە کە شەوان لای پردی کالینکنەوە پیاوێک لە شکڵی فەرمانبەرێکی بچووکدا دەردەکەوێت و بەدوای پاڵتۆیەکی دزراودا دەگەڕێت و بەبێ جیاوازی و بەبێ لێکدانەوەی پلە و پۆست، پاڵتۆ لە بەری خەڵکەکەدا دادەکەنێت: پاڵتۆی ئێخەپشیلە،

سەگی ئاوی، ناواخنی خوری، ڕاکون، پێستی ورچ - بە کورتی، هەموو جۆرە پاڵتۆیەکی کەوڵی گیانەوەر کە خەڵک بۆ خۆگەرمکردنەوە لە بەریان دەکرد. یەکێک لە فەرمانبەرەکانی ئۆفیسەکە پیاوە مردووەکەی بینی و بە چاوی خۆی ناسییەوە کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بوو؛ ئەم دیمەنە هێندە ترساندی، هەتا هێزی تێدا بوو، ڕای کرد و نەیتوانی بە جوانی تەماشای بکات، بەڵکو تەنها لە دوورەوە ناسییەوە، بە تایبەتی کە پەنجەی بۆ ڕاکێشا. لە هەموو لایەکەوە سکاڵا تۆمار دەکرا کە بە هۆی ئەم شەوگەڕەوە کە پاڵتۆی لە بەری خەڵک دادەکەند، پشتی نەک هەر فەرمانبەران، بەڵکو ئەندامانی بەرزی ئەنجوومەنیش تووشی سەرما بووە. فەرمان درا بە پۆلیس کە پیاوە مردووەکە دەستگیر بکرێت، بە مردوویی یان بە زیندوویی، بە توندترین شێوەش سزا بدرێت بۆ ئەوەی ببێت بە نموونە بۆ کەسانی تر. لەمەدا خەریک بوو سەرکەوتن بە دەست بهێنن. پۆلیسێکی ناوچەکە کە لە کاتی ئەرکی شەوانەیدا بوو لای کۆڵانی کیریوشکنەوە، پیاوە مردووەکەی بە ئێخەکەی گرتبوو لە کاتی دزینی پاڵتۆی مۆسیقاژەنێکی خانەنشیندا کە سەردەمی خۆی فلوتی دەژەنی. کە ئێخەی گرت، هاواری دوان لە هاوکارەکانی کرد بۆ ئەوەی بۆ

ماوەیەک بیگرن هەتا دەچێت سندووقی بڕنووتییەکەی لە نێو پووتەکانیدا دەردەهێنێت و کەمێک لە لووتی دەدات کە لە ژیانیدا شەش جار بە هۆی سەرماوە بریندار بووبوو. بەڵام دیارە بڕنووتییەکە هێندە خراپ بووە، تەنانەت پیاوە مردووەکەش بەرگەی نەگرتووە. پۆلیسەکە لای ڕاستی لووتی پڕ کرد و هێشتا لای چەپی تێ نەکردبوو کە پیاوە مردووەکە هێندە بە توندی پژمی، چاوی هەرسێکیانی سواغ دا. خەریکی پاککردنەوەی ناوچاویان بوون کە پیاوە مردووەکە دیار نەما، لەبەر ئەوە خۆشیان دڵنیا نەبوون کە دەستیان بەر پیاوە مردووەکە کەوتووە یان نا. دوای ئەوە پۆلیس هێندە لە پیاوی مردوو دەترسا، تەنانەت لە دەستگیرکردنی پیاوی زیندووش دەترسان و تەنها لە دوورەوە هاواریان دەکرد: "دەی، بڕۆ بە لای ئیشتەوە!" فەرمانبەرە مردووەکە جگە لە پردی کالینکن، لە شوێنی تریش دەردەکەوت و ترسی خستبووە دڵی هەموو کەسێکی ترسنۆکەوە.

بەڵام ئێمە کەسە گرنگەکەمان لە بیر خۆمان بردووتەوە کە لە ڕاستیدا هۆکاری وەرچەرخانی ئەم چیرۆکە زۆر ڕاستەقینەیە بوو. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین هەر کە

ئەکاکی ئەکاکایڤیچی هەژار و داماو، کە ئێستا بووە بە خۆڵەمێش، ئۆفیسەکەی بەجێ هێشت، کەسە گرنگەکە هەستی بە جۆرێک لە پەشیمانی کرد. دڵسۆزی بەشێک بوو لە ژیانی: لە ڕاستیدا میهرەبانی لە دڵیدا هەبوو، بەڵام پلەی پۆستەکەی هەمیشە ڕێگریی لێ دەکرد. هەر کە هاوڕێکەی دەرەوەی شاری ئۆفیسەکەی بەجێ هێشت، بیری لە ئەکاکی ئەکاکایڤیچی داماو دەکردەوە. دوای ئەوەش، نزیکەی هەموو ڕۆژێک وێنەی ئەکاکی ئەکاکایڤیچی داماوی دەهاتە بەرچاو کە بەرگەی سەرزەنشتەکەی نەگرت. ئەم خەیاڵانە هێندە بێزاریان دەکرد، دوای هەفتەیەک فەرمانبەرێکی نارد بەدوایدا بۆ ئەوەی زانیاریی لەسەر وەربگرێت و چی بەو دەکرا، ئامادە بوو بۆی بکات؛ کە پێیان ڕاگەیاند ئەکاکی ئەکاکایڤیچ لەناکاو بە هۆی تایەکی بەرزەوە گیانی لە دەست داوە، سەرەتا تووشی شۆکی کرد، هەستی بە تاوانباری دەکرد و هەموو ئەو ڕۆژە ورەی داڕووخابوو. ویستی خۆی لەم بێتاقەتییە دەرباز بکات و ڕووداوەکە لە بیر خۆی بباتەوە، ئێوارەیەک ڕۆیشت بۆماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی و هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، هاوپلەی بوون، لەبەر ئەوە هەستی بە کۆتوبەند نەدەکرد. ئەمە کاریگەرییەکی چاوەڕواننەکراوی هەبوو

لەسەر دەروون و عەقڵی. هەستی دەکرد ڕۆحی فراوان بووە، لە گفتوگۆکاندا ڕووخۆشی کرد – بە کورتی، ئەو شـەوەی بە خۆشـی بەسـەر برد. بۆ نـانی ئێـوارە دوو پەرداخ شـامپانیای خـواردەوە – خـواردنەوەیەک کە گـوایە دڵـت خـۆش دەکـات. شـامپانیاکە هـانی دا بەرەو خۆشی مل بنێت: بڕیاری دا نەڕواتەوە بۆماڵەوە، بەڵکو سـەردانی ئـافرەتێکی بە ڕەگەز ئەڵمـانی بکـات بە نـاوی کارۆلینا ئیڤانۆڤا، ئافرەتێک کە هـاوڕێیەکی ڕاستەقینەی بـوو. دەبێـت ئەوە بوترێـت کە کەسـە گـرنگەکە چیتـر کوڕێکی گەنج نەبوو، چیتر مێردێکی بـاش نەبوو، چیتر بـاوکێکی باشـی خێزانێک نەبوو. دوو کـوڕی هەبـوو کـە یەکێکیان لە باڵیۆزخـانە دەوامـی دەکرد؛ کچێکـی شـازدە ساڵیشـی هەبـوو لـووتی بچـووک و کەمێـک قـنج بـوو، هەموو ڕۆژێک دەڕۆیشت بۆ لای بـاوکی و دەسـتی مـاچ دەکـرد و دەیـوت: "ڕۆژبـاش بـابە." هاوسـەرەکەی کە هێشـتا گەنـج و بە سیماش هێشـتا جـوان بـوو، دەسـتی ڕادەگرت بـۆ مێردەکەی مـاچی بکـات و دواتـر خۆشـی مـاچی دەسـتی ئەوی دەکـرد. کەچـی کەسـە گـرنگەکە ئەگەرچـی ڕەزامەنـد و قایـل بـوو بە ژیـانی، بە لایەوە ئاسـایی و گونجـاو بـوو لە نـاوچەیەکی تـری شـاردا ئافرەتێـک هەبێـت بـۆ هـاوڕێیەتی. ئەم ئـافرەتە لە

هاوسەری کەسە گرنگەکە گەنجتر و جوانتر نەبوو؛ بەڵام لە دنیادا شتی وا ئاڵۆز هەیە و ئیشی ئێمە نییە حوکمی لەسەر بدەین. کەسە گرنگەکە ڕۆیشتە خوارەوە و سواری گالیسکەکە بوو، بە گالیسکەوانەکەی وت: "بۆ لای کارۆلینا ئیڤانۆڤا." پاڵتۆیەکی گەرم و کەشخەی لە بەردا بوو، ئەمە ئەو جەوە بوو کە ڕووسییەکان زۆر سەرسامی بوون کە هیچ ڕەنجدانێکی تیا نەبوو، تەنها بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆشی یەک لە دوای یەک خۆیان دەکرد بە عەقڵی کەسەکەدا. هێندە خۆشحاڵ بوو، ڕووداوەکانی ئەو شەوەی لێک دەدایەوە، هەموو ئەو قسانەی کە دەیکردن و جەماوەرەکەی دەهێنایە پێکەنین؛ تەنانەت هەندێکیانی بە چرپەوە دووبارە کردەوە و بینیی وەکو پێشتر هەزەلی بوون بۆی، لەبەر ئەوە سەیر نەبوو کە جار جار لە ناخی دڵیەوە پێدەکەنیی. بەڵام هەندێک جار ڕەشەبایەکی توند و زوقماوی و وردەبەفراوی دەیکێشا بە ڕوخساریدا کە خودا دەیزانی لە کوێوە دەهات و لەناکاو بە هێزێکی بەدەر لە سروشت ئێخەکەی هەڵدەدایەوە و دەیکێشا بە سەریدا، ئەمەش کێشەیەکی بەردەوام بوو بۆی، چونکە نەیدەتوانی خۆی لێ لا بدات. کەسە گرنگەکە لەناکاو هەستی کرد لە پشتەوە کەسێک بە توندی ئێخەکەی

گرت. کە ئاوڕی دایەوە، سەرنجی دا پیاوێکی باڵاکورت پۆشاکێکی کۆنەی لە بەردایە، تۆقیی و ناسییەوە کە ئەکاکی ئەکاکایڤیچ بوو. ڕوخساری فەرمانبەرەکە وەکو بەفر سپی داگەڕابوو و تەواو لە ڕوخساری مردوو دەچوو. بەڵام ترس لە کەسە گرنگەکەدا هەموو سنوورێکی بەزاند کە دەمی پیاوە مردووەکە جووڵا و بۆنی ناخۆشی ناو کفنەکەی کرد بە ڕوخساریدا و وتی: "ئاە! دواجار دۆزیمەوە! دواجار بە ئێخەکەت گرتوومیت! پێویستم بەو پاڵتۆیەیە! بۆ ئەوەی هیچت بۆ نەکردم، بەڵکو سەرزەنشتت کردم - کەواتە ئێستا ئەوەی خۆتم بەرێ!" کەسە گرنگە داماوەکە خەریک بوو بمرێت. هەرچەند لە باڵیۆزخانە و لە بەردەم کەسانی پلەنزمتردا خاوەن کارەکتەر و خاوەن کۆنترۆڵ بوایە، ئەگەرچی بە سیما نێرینەکەیدا هەموو کەسێک پێیان دەوت: "ئاە، چ کارەکتەرێکە!" - لێرەدا وەکو هەموو ئەوانەی کە دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، هێندە هەستی بە ترس دەکرد تەنانەت پێی وابوو جەڵتە لێی دەدات. بە پەلە پاڵتۆکەی لە شانی داکەند و بە دەنگ و شێوازێک کە هەرگیز لە هیی ئەو نەدەچوو، بە گالیسکەوانەکەی وت: "زۆر بە خێرایی بەرەو ماڵەوە!" شۆفێرەکە ئەم دەنگ و شێوازی وتنەی زیاتر لە کاتی چارەنووسسازدا

دەبیست و دواتر دەنگێکی هێندە کاریگەری تری بەدوادا دەهات، لەبەر مەترسیی سەری خستە ناو شانەکانیەوە و قامچییەکەی وەشاند و وەکو تیرێک بۆی دەرچوو. پاش کەمێک، زیاتر لە شەش خولەک، کەسە گرنگەکە لە بەر دەرگای ماڵەوەدا بوو. بە ڕوخسارێکی زەردەوە و بە ترسەوە و بەبێ پاڵتۆکەی، لەجیاتیی ئەوەی بۆ لای کارۆلینا ئیڤانۆڤا بچێت، چوو بۆ ماڵی خۆی و بە هێواشی و بە شەلەشەل خۆی گەیاندە ژوورەکەی، ئەو شەوەی بەوپەڕی ناڕەحەتییەوە بەسەر برد و بەیانیی ڕۆژی دواتر کچەکەی ڕاستەوخۆ پێی وت: "بابە ئەمڕۆ زۆر ڕەنگت تێک چووە." بەڵام بابە بێدەنگ بوو – بە هیچ شێوەیەک و لە لای کەس باسی ئەم ڕووداوەکەی نەکرد کە لە کوێ بووە و ویستوویەتی بچێت بۆ کوێ.

ئەم ڕوداوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبوو. تەنانەت "چۆن لە دەستت دێت؟ دەزانێت لە بەردەم کێدا ڕاوەستاویت؟"ەکانیشی کەم کردەوە، ئەگەر دووبارەشی بکردایەتەوە، بەبێ گوێگرتن لە بابەتەکە ڕووی نەدەدا. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە پیاوە مردووەکە چیتر دەرنەدەکەوتەوە: بێگومان پاڵتۆکەی فەرماندەکە زۆر بە بەری دەبوو؛ لەگەڵ ئەوەشدا هیچ نەبێت، چیتر

کەس باسی ئەوەی نەدەکرد پاڵتۆکەی لێ دزراوە. بەڵام کۆمەڵە کەسانێکی ترساو و قەڵەق هەبوون کە ڕەتیان دەکردەوە واز لەو بابەتە بهێنن و بەردەوام دەیانوت فەرمانبەرە مردووەکە هێشتا لە شوێنە چەپەک و دوورەکانی شاردا دەردەکەوێت. لە ڕاستییشدا پۆلیسێک بە چاوی خۆی تارماییەکی لە پشتی خانوویەکەوە بینیبوو؛ بەڵام لەبەر ئەوەی پۆلیسەکە قەڵافەت و جەستەیەکی لاوازی هەبوو، جارێکیان بەرازێکی گەورە و پێگەیشتوو لە خانوویەکەوە هاتە دەرەوە و خستی بە ئەرزدا، هەندێک شۆفێری ئەو ناوچەیە بە بینینی ئەم دیمەنە کەوتنە پێکەنین. پۆلیسەکە وەک سەرپێچی نیو کۆپیکی لە هەموویان سەند و دواتر دای بە برنووتی – کەواتە، لەبەر ئەوەی بە سروشت جەستەی لاواز بوو، نەیوێرا ڕێگری لە تارماییەکە بکات، بەڵکو تەنها بەدوایدا ڕۆیشت بۆ تاریکییەکە هەتا ئەم تارماییە لەناکاو ئاوڕی دایەوە و وەستا و پرسیاری کرد، "چیت دەوێت؟" کە مشتی جوولاند، هێندە گەورە بوو لە قەبارەی مشتی مرۆڤی زیندوودا نەبوو.

پۆلیسەکە وتی: "هیچ." ئاوڕی دایەوە بەرەو دواوە. بەڵام تارماییەکە ئێستا زۆر بالابەرز و سمێڵێکی یەکجار

گەورەی هەبــوو. ئەویــش بەرەو پــردی ئۆبوخــۆڤ ڕۆیشــت و زۆری پــێ نەچــوو لە تــاریکییەکەی شــەودا دیار نەما.



غەزەلنووس